Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090207

# پرسی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان ( 2018 – 2009)

# لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی – شیکارییە

یاسین ئاشوور جەوهەر

بەشی جوگرافیا // کۆلیژی پەروەردە // زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received:February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

*Keywords*

ریفۆرم، ریفۆرمی سیاسی، یاساو بڕیار، پەرلەمانی کوردستان، پارتی سیاسی

*Corresponding Author*

Yasin.ashur@garmain.edu.krd

**پوختە**

هەرێمی کوردستان، دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیی وستراتیژی وئابووریی و سەربازییانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و هەرێمی و جیهانیدا هاتنە کایەوە، توانی ببێتە خاوەن قەوارەیەکی یاسایی و شەرعی و، بنەماکانی حوکمڕانی لەسەر ئاستێکی باڵا بونیاد بنێت و، جۆرێك لەجۆرەکانی رەوایەتی بۆ خۆی دەسەبەر بکات. لەپاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣)، هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی دیکەی مێژوویی زۆر گرنگەوە، لەم قۆناغەدا هێزە سیاسییە کوردییەکانی ناو هەرێمی کوردستان توانیان هەرێم وەك قەوارەیەکی دەستووریی و یاسایی لەناو گرنگترین و باڵاترین بەڵگەنامەی دەوڵەتی عێراقیدا کە دەستوری هەمیشەیی عێراقە؛ بچەسپێنن و، شەرعیەتێکی یاسایی بۆ هەرێم بەرقەرار بکەن. لەپرسی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)؛ هەلێکی گەورەی سیاسیی و ئابووریی و دیبلۆماسیی بۆ هەرێم رەخسا کە دەکرا هەنگاو بنێت بۆ دروستکردنی دامەزراوەی پیشەیی گەشەپێدانی بەردەوام بەدیبهێنێ؛ بەڵام لەم پرۆسەی بونیادنان و پێشکەوتنانەدا؛ دەسەڵاتی سیاسیی و دامەزراوە سیاسییەکانی ناو هەرێم رووبەڕووی هەڵئاوسانێکی گەورەی سیاسیی و قۆرغکردنێکی لەرادەبەری دەسەڵاتی سیاسی بوویەوە. گەندەڵی سیاسیی و ئابووریی فراوان لەناو هەرێمدا تەشەنەیکرد. لێرەوە پرسی ریفۆرمی سیاسی لەناو دامەزراوە فەرمیی و نافەرمیەکاندا بووە خواست و گوتاری سەرەکی هەم دەستەبژێری فەرمانڕەواو هەم ئۆپۆزسیۆنی سیاسیش.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو تەوەری سەرەکیدا؛ پرسی ریفۆرمی سیاسی بەشێوەیەکی تیۆری و پاشان وەک هەوڵ وپرۆژەو ئەو یاسا و بڕیارانەی تایبەت بوون بەپرسی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان وەسفدەکات و شیکردنەوەیان بۆ دەکات. پاشان باسی گرنگترین ئەو کۆسپانە دەکات کە رێگرن لەبەردەم ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێم.

## پێشەکی:

ئەگەر پرسی رزگاری نیشتیمانیی لەساڵانی پەنجاکانو، پرسی نوێکردنەوەو گەشەپێدان (التنمية) لەساڵانی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکانو، پرسی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی لەکۆتایی حەفتاکانو سەرتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەناو وڵاتانی باشووردا پرسی هەرە سەرکی بووبێتو، ئامانجی لەپێشینەی دەوڵەتو زۆرینەی جوڵانەوەو راپەڕینو بزوتنەوە سیاسیی‌و جەماوەرییەکانی ناو ئەو وڵاتانە بێت، ئەوا پرسی ریفۆرم بەمانا گشتییەکەی لەسەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دەبێتە پرسی باڵادەستو سەرەکی ئەم لایەنانە. بەمانایەکی دیکە، کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیتو نەمانی سیستەمی دوو جەمسەری جیهانی‌و باڵادەست بوونی بەرەی سەرمایەداریی وەك سیستەمێکی سەرکەوتوو؛ هۆکاری سەرەکی ئەوەبوون کە لەوڵاتانی باشووردا چەختی تەواو بکرێتە سەر ریفۆرم بەگشتی‌و ریفۆرمی سیاسی بەتایبەتی. ئەمەی دواییان واتە ریفۆرمی سیاسی لەزۆربەی وڵاتانی باشووردا دەبێتە خواستی سەرەکی؛ چی لەسەر ئاستی دەستەبژێری فەرمانڕەواو خاوەن دەسەڵات، یاخود لەسەر ئاستی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانو بزوتنەوە مەدەنیی‌و جەماوەرییەکان، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەیەکی چارەسەرخوازانە بۆ ئەو گۆڕانکارییە ریشەیی‌و هەمەلایەنانەی کە لەسەر ئاستی جیهان هاتە کایەوە.

بێگومان هەرێمی کوردستان، دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیی‌و ستراتیژیی‌و ئابووریی‌و سەربازییانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق‌و هەرێمی و جیهانیدا هاتە کایەوە، توانی ببێتە خاوەن قەوارەیەکی یاسایی‌و شەرعی‌و، بنەماکانی حوکمڕانی لەسەر ئاستێکی باڵا بونیاد بنێتو، جۆرێك لەجۆرەکانی رەوایەتی بۆ خۆی دەسەبەر بکات. لەپاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣)، هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی دیکەی مێژوویی زۆر گرنگەوە، لەم قۆناغەدا هێزە سیاسییە کوردییەکانی ناو هەرێمی کوردستان توانیان هەرێم وەك قەوارەیەکی دەستوریی‌و یاسایی لەناو گرنگترینو باڵاترین دامەزراوەی دەوڵەتی عێراقیدا کە دەستوری هەمیشەیی عێراقە؛ بچەسپێنن‌و، شەرعیەتێکی یاسایی بۆ هەرێم بەرقەرار بکەن. لێرەوە قۆناغێکی گرنگ لەهەرێمی کوردستان دەسپێدەکات، قۆناغێك تیایدا دامەزراوە فەرمییەکانی دەسەڵاتو حوکمڕانی؛ زیندوویی‌و کاراییان بۆ دەگەڕێتەوەو ماکی دیکەو دامەزراوەیی دیکەی وەك دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ زیاد دەبێت. سیما دیموکراسییەکانی دیکەی وەك پارلەمانو هەڵبژاردنو دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەریی و فراوانبوونی میدیاو زۆربوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی‌و دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمدا چەکەرە دەکەن. وەك دەرئەنجامێك بۆ گەڕانەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ناو دەوڵەتی عێراقیی‌و بەشداری کارای هێزە سیاسییە کوردییەکان.

لەپرسی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق؛ هەلێکی گەورەی سیاسیی‌و ئابووریی‌و دیبلۆماسیی بۆ هەرێم دەرەخسێت کە بتوانێت گوڕێکی باش لەگەشەپێدانی هەمەلایەنە بە خۆی بدات، بەڵام لەم پرۆسەی بونیادنانو پێشکەوتنانەدا؛ دەسەڵاتی سیاسیی‌و دامەزراوە سیاسییەکانی ناو هەرێم رووبەڕووی هەڵئاوسانێکی گەورەی سیاسیی‌و قۆرغکردنێکی لەرادەبەری دەسەڵات؛ لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە واتە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان؛ دەبێتەوە. گەندەڵی سیاسیی‌و ئابووریی فراوان لەناو هەرێمدا تەشەنە دەکەن. لێرەوە پرسی ریفۆرمی سیاسی لەناو دامەزراوە فەرمی‌و نافەرمیەکاندا دەبێتە خواستو گوتاری سەرەکی هەم دەستەبژێری فەرمانڕەواو هەم ئۆپۆزسیۆنی سیاسیش. ئەم دواکەوتنو هاوڕێنەبوونەی پرسی ریفۆرم لەهەرێمدا لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە لەناو وڵاتانی دیکەدا هاتە کایەوە لەسەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیماو ستراکچەرە دیارەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەناو هەرێمی کوردستاندا تا دوایی رووخانی رژێمی پێشوو لەعێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) بەدەرنەکەوتن، بەڵام لەو بەروارە بەدواوە هەرێمی کوردستان؛ بەتایبەتی کاتێك پێگەیەکی یاسایی‌و دەستوریی وەردەگرێتو، پرەنسیپی فیدراڵیش وەك شێوازیکی گرنکی حوکمڕانی لەعێراقدا دێتە کایەوەو، هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمی فیدراڵی لەناو عێراقدا دەچەسپێتو، بەپشکی دیاریکراو بەشداری دەبێت لەناو زۆربەی جومگەو کایە سەرەکیەکانی دەوڵەتی عێراقیدا قۆناغی دەسەڵاتداریی‌و حوکمڕانی؛ تایبەتمەندی یاسایی‌و سیاسیی‌و ئابووریی‌و سەربازیی‌و دیبلۆماسیی خۆی وەردەگرێت.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی بابەتی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان لەو ماوە مێژووییەی کە لەناونیشانەکەدا دیاریکراوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەدوو قۆناغی کاری پەرلەمانیی لەلایەک و، کارایی وململانێی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دەسەڵات لەلایەکی دیکەوە؛ پرسی ریفۆرم بەگشتی وریفۆرمی سیاسی کرد بە پرسێکی باڵاو خواستیکی سەرەکی لەهەرێم. لێرەوە هەم لەلایەن خودی دەسەڵاتەوە، هەمیش لەلایەنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە دەستپێشخەری بۆ ئەو مەبەستە کرا.

### پاساوەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوە

رەنگە لەسەرەوە ئاماژەیەکی ناراستەوخۆمان بە پاساوەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان کردبێت، بەڵام لێرەدا بەکورتی گرنگترین ئەو پاساوانە دەخەینە روو:

١- پرسی ریفۆرمی سیاسی یەکێکە لەپرسە هەرە سەرەکییەکانو، پێویستییەکی بەردەوامو هەمیشەیی هەموو سیستەمێکی سیاسییە، جگە لەوەی خواستێکی گشتگیریی هەموو هێزێکی سیاسی ناو کۆمەڵگایە بەتایبەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان.

٢- هەرێمی کوردستان لەدوای ئەنجامدانی سێیەمین خولی هەڵبژاردن تیایدا لەساڵی (٢٠٠٩) هێزی ئۆپۆزسیۆنی کاراو فەرمی‌و ئاشکرا بەدەرکەوت، بۆ یەکەمین جار لەناو پەرلەمانی کوردستاندا لیستی ئۆپۆزسیۆن پەیدابوو، لەدەرەوەی دەسەڵاتیش هێزگەلێکی ئۆپۆزسیۆنی ئەوتۆ هاتە کایەوە کە جوڵەو زیندویی زۆری بەپرۆسەی سیاسی لەهەرێمدا بەخشی.

٣- تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتو سیستەمی سیاسی هەرێم دووچاری گەندەڵی‌و قۆرخکاری فراوان بوویەوە، بۆیە پرسی ریفۆرمی سیاسی بووە گوتارێکی باڵادەستی ناو پرۆسەی سیاسی هەرێم لەسەر هەموو ئاستەکان بەگشتی.

٤- بەرزبوونەوەی هۆشیاریی‌و بەرپرسیارێتی سیاسی لای تاك کورد بەگشتی‌و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەتایبەتی وایکرد ریفۆرمی سیاسی ببێتە خواستێکی جەماوەری.

### کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کەئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی پێویستییەکی ژیانیی و چارەنوسسازە بۆ سیسیتەمی سیاسی هەرێم؛ لەو روانگەیەوە کەریفۆرمی سیاسی رێگە خۆشکەرو

هاوکاری گەیشتن دەبێت بەقۆناغی گەشەپێدانی بەردەوام لەکۆمەڵگای کوردیدا. لێرەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بداتەوە:

١- ناوەڕۆکی هەوڵەکان و بڕیارو یاساکانی تایبەت بە ریفۆرمی سیاسی چۆن و چی بوون؟

٢- داواکارەکانی ریفۆرمی سیاسی کێ بوون؟

٣- کۆسپەکانی بەردەم ریفۆرمی سیاسی چی بوون؟

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە سێ میتۆدی گرنگی ناو زانستی سیاسی دەبەستێت، ئەوانیش هەر سێ میتۆدی: مێژویی و شیکاریی و وەسفییە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە**

بەشێوەیەکی گشتی؛ توێژینەوەکە بۆ دوو تەوەری سەرەکی دابەشکراوە. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چەمک و پێناسەو مەرج و خواستەکانی ریفۆرمی سیاسی و لەدوو باس پێکدێت. تەوەری دووەمیش لەسێ باس پێکدێت؛ باسی یەکەم و دووەمی تیشکی خستوەتە سەر هەوڵەکانی ریفۆرمی سیاسی لەو ماوە مێژووییەی لەناونیشانەکەدا هاتووە. باسی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان.

**تەوەری یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری لەمەڕ ریفۆرم و ریفۆرمی سیاسی**

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت و پوخت؛ لەرووی تیۆرییەوە؛ باسی چەمک و پێناسەی ریفۆرمی سیاسی بکەین. پاشان گرنگترین ئەو بنەماو پێویستیانەی کە هەموو ریفۆرمێکی سیاسی لەناو سیستەمە سیاسیە جیاوازەکاندا پێویستە فەراهەم بن. لێرەوە ئەم تەوەرە بەسەر دوو باشدا دابەش دەکەین بۆ:

**باسی یەکەم: چەمک و پێناسەی ریفۆرم وریفۆرمی سیاسی**

چەمکی ریفۆرم لەرووی زمانەوانییەوە لەهەردوو فەرهەنگی (دەریا و شیرین[١])ی زمانی کوردیدا وشەی (چاککردن- چاکسازی) بەرامبەر بە وشەی (الاصلاح)ی عەرەبی و بەکارهاتووە. بێگومان زاراوەی (الاصلاح) وەک محمد عابد الجابری دەڵێت: لەسەرتای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامەوە تاوەکو سەدەی هەژدەیەم؛ هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکراوە تەنها ئەوە نەبێت کە ئەم زاراوەیە واتە (الاصلاح ) دژ بە زاراوەی گەندەڵی (الفساد) بەکارهاتووە[٢].

لەزۆربەی فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الاصلاح) بەمانای نەهێشتن یاخود لادانی هەموو خراپی و تێکچونێک بەکارهاتووە کە بەسەر شتێکدا دێت و، پاشان گێڕانەوەی سوودو سەلامەتی بۆ شتەکە. واتە گێڕانەوەی شتەکە بۆ بارە رەسەنەکەی خۆی[٣]. ئەم زاراوەیەش لەزمانی عەرەبیدا بەرامبەر بەزاراوەی (Reform)ی زمانی ئینگلیزی دانراوە، بەڵام ئەگەر سرنجی ماناو وتای (Reform) لەهەردوو زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی بدەین دەبینین جیاوازی زۆری لەگەڵ وشەی (الاصلاح)ی زمانی عەرەبی هەیە. لەزمانی ئینگلیزیدا وشەی (Reform) ئاماژەیە بۆ کارێک؛ کە بارودۆخێک بەرەو باشتر دەگۆڕێت[٤]. یان پێدانی وێنەیەکی دیکە یان دووبارە پێکهێنانەوەی شتێک کە بەرووکارێکی نوێ دەربکەوێت.

لەزمانی فەرەنسیشدا وشەی (Réforme) پێکدێت لەپێشگری (Ré) کە بەمانای دووبارە دێت و زاراوەی (forme)یش کە بەمانای شیوە دێت. هەردوکیشیان پێکەوە؛ داڕشتنەوە یان پێدانی شێوەو وێنەکی نوێ بەشتێک دێت. بەم شێوەیە دەبینین زاراوەی (الاصلاح) لەزمانی عەرەبیدا هەمان واتای زاراوەی (Reform) نییە چی لەزمانی ئینگلیزی بێت یاخود فەرەنسی. قسەکردن دەربارەی (الاصلاح) لەزمانی عەرەبیدا واتە گەڕانەوە بۆ دۆخە رەسەن و راستەقینەکەی خۆی پێش ئەوەی خراپ بووبێت، واتە (الاصلاح) هاوتەریبە لەگەڵ زاراوەی گەندەڵی (الفساد). لەکوێ گەندەڵی لەشتێکدا دروست بێت لەوێدا پرسی (اصلاح) دیتە کایەوە وەک هەوڵێک بۆ گەڕانەوەی شتەکە بۆ بارە رەسەنەکەی خۆی[٥]. لەکاتیکدا چەمکی (Reform) بەپێی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) پرۆسیەکی هەموارکردن یاخود گۆڕینی شتە ناتەواوەکانە بەرەو باشتربوون[٦]. ئەمەش واتا بەخشینی وێنەیەکی نوێ یاخود فۆرمێکی دیکە بەشتێک جیاواز لەو وێنەو فۆرمەی کەهەیەتی بەئاراستەیەکی پۆزەتیف[٧]. سەبارەت بەزمانی کوردیش، وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد؛ زۆر جار زاراوەی (چاکسازی- چاککردن) بەامبەر هەردوو زاراوەی (اصلاح)ی زمانی عەرەبی و، (Reform) زمانی ئینگلیزی دادەنرێت. فەرهەنگی (پۆلەتیکس)یش بەرامبەر زاراوەی (Reform) زاراوەی (چاکسازی- گۆڕانکاری باش- رێکخستنەوە)ی داناوە[٨].

لەئەنجامی ئەوانەی سەرەوە باسکران، لەم توێژینەوەیەدا ئەو زاراوەیەی بەکاریدێنین؛ زاراوەی (ریفۆم)ە بەو مانایەی کە لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە نەک بەمانی (اصلاح) کە لەزمانی عەرەبیدا هەیە. ئەوەش لەبەرئەوەی کە سیستەم و پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان کە لەدوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەساڵی (١٩٩٢) فۆرمەلە بوو بەشێوەیەکی بی کەم وکورت نەبووە تا بانگەشەی گەڕانەوەی بۆ بکرێت و، داوای لابردنی ئەو گەندەڵیی و لادانانە بکرێت کە لەرووی بەڕێوەبردن و پراکتیزەکردنەوە بەسەریدا هاتووە. بەمانایەکی دیکە؛ واتە سیستەم و پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان هەر لەسەرتاوە بەشێوەیەکی نا تەواو و ناکام دروست بوو. بۆیە راسترین زاراوە کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێت چەمکی ریفۆمە، واتە هەوڵدان بۆ چاککردن و بەرەوپێشەوە بردنی سیستەم و پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەشێویەک لەگەڵ پایەکانی دیموکراسی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و شێوازی حوکمڕانی دروستدا یەکبگرێتەوە یاخود بەلایەنی کەمەوە لێیان نزیک بکرێنەوە.

وەکو هەموو چەمکەکانی دیکە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان چەمکی ریفۆرمیش تا ئێستا خاوەن پێناسەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن نییە، نەک هەر ئەمە؛ بەڵکو لەلایەن توێژەرانەوە چەندین پێناسەی جۆراو جۆرو جیاوازی بۆ کراوە. زۆر جاریش ئەم پێناسانە رەنگدانەوەی پاشخانی هزریی و رەهەندی سیاسیی و بواری پسپۆڕی خودی توێژەرانە لەناو زانستە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا.

لە(الموسوعة السیاسیة) پیناسەی ریفۆم بەم شیوەیە کراوە کە بریتیە لە: (هەموارێکی ناریشەییە لە فۆرمی فەرمانڕەوایی یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی دەستکاری بنەڕەتەکەی بکرێت. ئەمەش پێچەوانەی شۆڕشە، چونکە ریفۆرم جگە لەباشترکردنی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی باو و باڵادەست هیچی دیکە نییە)[٩]. لای (سامۆیل هانتنگتۆن)یش ریفۆرم گوزارشتە لە: ( گۆڕینی بەهاو شێوەکانی رەفتارە تەقلیدییەکان و، بڵاوکردنەوەی ئامرازەکانی گەیاندن و فێرکردن و، فراونکردنی چوارچێوەی دڵسۆزییە (الولاء) بەشێوەیەک کەسنوری خێزان و گوندو هۆز بەرەو نەتەوە تێبپەڕێنێت، لەگەڵ بەعەقڵانیکردنی ستراکچەرەکانی دەسەڵات و پەتەوکردنی رێکخستنە تایبەتییەکان بەشێوەیەکی فەرمانیی و، گۆڕینی پێوەرکانی دۆستایەتیی بە پێورەکانی

لێهاتوویی و، پەسەندگیریی دابەشکردنی دەرامەتە ماددیی و رەمزییەکانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانەتر)[١٠]. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە؛ ریفۆرم فرە رەهەندەو پرسگەلێکی فراوان دەگرێتەوە، هەر لەسیستەمی فەرمانڕەواییەوە بیگرە تاوەکو دەگاتە پرسی گۆڕینی رەفتارو بیرکردنەوەی تاک بەئاراستەیەکی فراوانتر، هەروەها پشت بەستن بەعەقڵانیکردنی هەنگاوەکان و رەتکردنەوەی سیفەتی ئایدیۆلۆژیی بۆ دەسەڵاتی سیاسی. لەهەمووشی گرنگتر؛ پرسی دووبارە دابەشکردنەوەی دەرامەتە ماددیی و مەعنەوییەکانی ناو دەوڵەتە بەشێوەیەکی دادپەروەرانەتر.

(عومەر عەبدولعەزیز)یش پیی وایە کە ریفۆرم پرۆسەیەکی قوول وبەردەوامی ژیانە بەمەبەستی هەموارکردن و ئاڵوگۆڕکردن لەبارودۆخ وواقعی هەموو ئەو رەهەندو شتانەی ژیان کە بەسەرچوون و، ناتەواویی و کەم وکورتیان تێدەکەوێت بەرەو باشترو چاکتر[١١].

کەواتە دەتوانین بڵێین ریفۆرم پرۆسەیەکی بەردەوامە لەژیانی کۆمەڵگاکاندا. ئامانج لێی باشترکردن و چاکترکردنی ئەو بارودۆخەیە کە کەم وکورتی و ناتەواوی هەیەو، پێویستی بەگۆڕان هەیە تاوەکو شان بەشانی دەرکەوتە تازەکان و نوێگەری بێتەوە. لەهەمان کاتیشدا؛ پرۆسەیەک نییە تەنها لەکایەیەکی دیاریکراودا کورتبێتەوە، بەڵکو دەکشێت بۆ تەواوی کایە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ژیارییەکانی کۆمەڵگا.

سەبارەت بەچەمکی ریفۆرمی سیاسیش؛ ئەوا یەکێکە لەو چەمکە زۆر باوانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەم ساڵانەی دواییدا بەکاردەهێنرێت. لەراستیدا پێش ئەوەی ئەم چەمکە بەسەربەخۆیی لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی و زانستی سیاسیدا جێگیربێت؛ زۆرێک لەرەهەندو پایەکانی لەناو چەمکگەلێکی وەک گەشەپێدانی سیاسی، گۆڕانی سیاسی، نوێگەری سیاسی، گوزەری سیاسیدا هەبووە. هەرچەندە ئەم چەمکانە بەسەر یەکەوە کەم تازۆر جیاوازی لەنێوانیاندا هەیەو، زۆرێک لەتوێژەرانیش قسەیان لەبارەیانەوە کردووە، بەڵام بەدوور لەو جیاوازیانەی نێوانیان دەتوانین پێداگیری لەسەر ئەوە بکەین کە هەموو ئەم چەمکانە وەسف و ئاماژەگەلێکن بۆ ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانەی بەسەر میکانیزم و بونیادی کاری سیستەمی سیاسیدا دێن. لەلایەکی دیکەوە وەک ( جلال مجاهدی)دەڵێت: چەمکی ریفۆرمی سیاسی لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی و ژێدەرە جیاوازەکاندا؛ رەهەندو ئامانجی جیاوازی هەیەو، بەپێی سروشتی باکگراوندی فکریی و ئایدیۆلۆژیی باو و باڵادەست لای توێژەر دەگۆڕێت. بۆ نمونە ئەوەی لەناو سیستەمێکی سۆشیالیستیدا بەریفۆرم ناودەبرێت لەناو دەوڵەتێکی خاوەن سیستەمی سەرمایەداریدا بە ریفۆرم ناوزەند ناکرێت. بەهەمان شێوە ئەوەی لەناو دەوڵەتێکی خاوەن سیستەمی سیکولاریزمدا بەریفۆرم دادەنرێت لەناو دەوڵەتێکی خاوەن سیستەمی ئاینیدا ناچێتە قالبی ریفۆرمەوە[١٢].

هەڵبەتە لەناو ئەدەبیاتی زانستی سیاسیدا پێناسەی زۆر بۆ ریفۆرمی سیاسی هەیە. زۆرینەی ئەو پێناسانە؛ ریفۆرمی سیاسی دەبەستنەوە بەو پانتیانەی کەدیموکراسی لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هەیەتی. بەمانایەکی دیکە، ریفۆرمی سیاسی دەبێت لەناو چوارچێوەو، لەهەمان کاتیشدا بەرەو ئاراستەی زیاتری دیموکراسیبوون کاری لەسەر بکرێت. لەم بارەیەوە ( محمد سعد) وای بۆدەچێت کە ریفۆرمی سیاسی بریتیە لە هەستان بەئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕانکاریی لەستراکچەرو ئەرک و میکانیزمەکانی کارکردن و ئامانج و بیرۆکەکانی دامەزراوە سیاسییەکان، ئەمەش لەمیانی ئەو میکانیزمە یاساییانەوە دەکرێن کە خودی سیستەمە سیاسییەکە بەردەستی دەخات بەخاتری زیادکردنی توانست و چالاککردنی سیستەمە سیاسییەکە لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و ئاڵینگارە تازەکان بە بەردەوامی و، باشترکردنی کوالیتی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتەکان بەشێوەیەک ببێتە مایەی زیادکردنی توانایی سیستەمەکە لەسەر بوونیادنانی دیموکراسی[١٣].

هەر سەبارەت جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ریفۆرمی سیاسی و دیموکراسی (محمد العريان) دەڵێت: ( مەبەست لەریفۆرمی سیاسی هەموو ئەو هەنگاونە دەگرێتەوە کەدەبنە هۆی بونیادنانی سیستەمی دیموکراسی و، گرنگترین رێگاکانی بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش بریتین لە ریفۆرم لەبواری دەستورو یاسادانان و دام ودەزگاو رێکخستنە سیاسییەکان)[١٤]. لەو پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ریفۆرمی سیاسی لەیەک کاتدا هەم لەچوارچێوەی بوونی پانتییەکی باشی دیموکراسی و، هەمیش رۆیشتنە بەرەو بونیادنانی سیستمێکی دیموکراسی پتەو، چونکە خودی ریفۆرمی سیاسی پێویستی بەکەشێکی لەبارو سەقامگیری سیاسی هەیەو، لەهەمان کاتیشدا پرۆسەیەکی ئارام و لەسەرخۆ و درێژخایەنە.

ریفۆرمی سیاسی؛ لای هەندێک توێژەر؛ پێشەنگ و هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەهەموو کایەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگادا. واتە بێ بوونی ریفۆرمی سیاسی ئەستەمە ریفۆرم لەبواری ئابووریی یاخود کۆمەڵایەتیی وکلتوریی بکرێت. لەم بارەیەوە (سيد ياسين) وای بۆ دەچێت کە ریفۆرمی سیاسی بریتیە لەدووبارە داڕشتنەوەی خودی سیستەمی سیاسی بەشێوەیەک کە رێگریێت لەهەژمونی تاک حزبی و، لەهەمان کاتیشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ریفۆرمی سیاسی هیچ نییە جگە لەپێشەکیەک یاخود دەستپێکێکی پێویست بۆ ریفۆرمەکانی دیکەی وەک ریفۆرمی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ژیاریی[١٥].

لەراستیدا گرنگترین پێناسەیەکی تاڕادە پەسەند و زانستی بۆ ریفۆرمی سیاسی کرابێت ئەو پێناسەیەیە کە بەڵگەنامەی (ئەسکەندریە) کردوویەتی. لەخاڵی (٥) بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە: ریفۆرمی سیاسی کۆی ئەو هەنگاوە راستەوخۆ و ناراستەوخۆیانە دەگرێتەوە کەئەرکی بەدیهێنانیان دەکەوێتە سەرشانی هەر یەکە لەحکومەتەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت ئەوەش بەئامانجی بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگاکان بەبێ دوودڵیی و خەمساردیی و، بەشێوەیەکی بەرجەستە بەرەو دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی[١٦]. ئەم پێناسەیە ئەوە رەتدەکاتەوە ریفۆرمی سیاسی؛ ئاکتێک بێت کەتەنها دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی پێیهەستن، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوام وئاکتێکی هەمەلایەنەو لەسەرخۆیەو زیاد لە لایەنێک لەلایەنەکانی کۆمەڵگا رۆڵیان تیایدا هەیە، بەتایبەتی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وکەرتی تایبەت.

وەک کۆگیرییەک بۆ هەموو ئەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین ریفۆرمی سیاسی بریتیە لە: ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست لەپایەکانی سیستەمی سیاسی باڵادەست بەشێوەیەکی پلەبەندیی و ئارام و دوور لەتوندوتیژی؛ بەجۆرێک کە هەنگاوی راست و دروست بنرێت بەئارستەی دامەزراندن یان گەشەپێدانی سیستەمی دیموکراسی و چەسپاندنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بەرقەراکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ تاک و کۆمەڵگا، لەهەمان کاتیشدا دابەشکردنی دادپەروەرانەی کۆی دەرامەتە مادیی و رەمزییەکانی ناو کۆمەڵگا بەیەکسانی. کەواتە ریفۆرمی سیاسی بۆ خۆی پرۆسەیەکە تیایدا پێشوازی لەهەموو هەوڵ و ئاکتێکی لەبارو مۆدێرن دەکرێت کە

سەربکێشێت بۆ مۆدێرنیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بەدیهێنانی جیاکردنەوەی راستەقینەو پیشەییانەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی و، باڵادەستکردنی سەروەری یاساو پاراستنی مافە دەستووری و یاساییەکانی هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی.

**باسی دووەم: مەرج و خواستەکانی ریفۆرمی سیاسی**

لەبەرئەوەی ریفۆرمی سیاسی خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی هەستیارو پڕ لەریسک و مەترسیە بۆیە واپێویست دەکات چەند مەرجێکی سەرەکی و گرنگ بوونی هەبێت تاوەکو ئەو پرۆسەیە ئەنجامی خۆی بپێکێت و، لەهەمان کاتیشدا نەگۆڕێت بۆ گۆڕانکاری رەواڵەتی و بەسیستەم و یاسایی بوونی گەندەڵی و پاوانخوازی زیاتر دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن گروپێکی دیاریکراوەوە.

گرنگترین مەرجو خواستەکانی ریفۆرمی سیاسی بریتین لە:

١- ریفۆرمی راستەقینە پێویستی بەوە هەیە کۆدەنگی گشتی لەسەر ئەوە دروست بێت کە چی لایەنێکی دامەزراوە سیاسییەکان پێوستیان بەهەموارکردن و چاککردنەوە هەیەو، کامەشیان پێویستە پارێزگاری لێبکرێت و وەک خۆی بمێنیتەوە. واتە بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی پرۆسەیەکی بەرهەمدار بێت و تەنها لەسنورکی دیاریکراودا؛ کەزۆرجار بەخواستنی دەسەڵاتدارانە؛ کورتنەبێتەوە پێویستی بەدیالۆگ و رەزامەندی زۆرینەی جەماوەر و هێزە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگا هەیە[١٧].

٢- دیاریکردنی چوارچێوەیەکی روون بۆ پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی: واتە پێویستە ریفۆرمی سیاسی بنەمایەکی فکری و چوارچێوەکی ئایدیۆلۆژی بۆ دابنرێت کە ئامانج و هەنگاو و ئاسۆکانی دیاربکات[١٨].

٣- رەخساندنی ژینگەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی لەبار بۆ ریفۆرمی سیاسی. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی و رادەی کاریگەری هێزە دەرەکییەکان ریفۆرمی سیاسی بەدینایەت[١٩]. واتە بەر لەوەی پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی پێشنیار بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجیکردنەوە پێویستە بانگەشەکەرانی رادەی کاریگەریی و بەهێزی کارەکتەرە دەرەکییەکان هەڵبسەنگێنێت و رادەی ئامادەیی هێزە جیاوازەکانی ناوخۆش لەبەرچاو بگرێت.

٤- بڕیاردان لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات[٢٠] و بونیادنانی کلتورێکی سیاسی نوێ[٢١]. ئامانج لەریفۆرمی سیاسی پێش هەموو شتێک پێشخستنی بارودۆخی سیاسی و تواناداركردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانییە لەسەر ئاستی باڵای دەوڵەت. بێگومان ئەم ئامانجەش بێ بڕیاردان و بڕوای قوڵ لەسەر پرەنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات نایەتەدی.

٥- پێویستە ریفۆم پرۆسەیەکی بەردەوام بێت و پاشەکشەی لێنەکرێت. واتە ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی سیستەمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی بەشێوەیەکی کاتی ئەنجام دەدرێن؛ ئەکرێت لەهەر ساتەوەختێکدا بێت پاشەکشەی لێبکرێت و ئەو کاتە ئەوە ناچێتە خانەی ریفۆرمی سیاسییەوە[٢٢].

٦- ریفۆرمی سیاسی پێویستی بەدامەزراوەگەلێکی بەتوانا هەیە بۆ بونیادنانی پانتاییەکی سیاسی نوێی ئەوتۆ کەبتوانێت پرۆسەی سیاسی لە مەیدانێکی داخراوەوە بگۆڕێت بۆ مەیدانێکی کراوەو شەفاف، لەهەمان کاتیشدا کار بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی بکات نەک دامەزراوە نافەرمی و لاوەکییەکان[٢٣].

٧- بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کارامەو راستەقینە. ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەمانای ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی یاخود حزبی پێویستییەکی سەرەکی ئەنجامدانی ریفۆمی سیاسییە. لەگەڵ جەختکردنەوە لەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بۆ ئەوەی لایەنێکی کاراو ئاکتیفی ئەنجامدامی ریفۆرمی سیاسی پێویست بێت مەرجە دەبێت رێگەو رێڕەوی ئاشتیانە بگرێتە بەر بۆ کارەکانی خۆی[٢٤].

٨- بوونی بارودۆخێکی نالەبارو نادروست کە پێویستی بەریفۆرم هەیە وەک لاوازی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی، بەرتەسکی ماف وئازادییە جۆراو جۆرەکان، بوونی قەیرانی سەختی حوکمڕانیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی[٢٥].

٩- دەسەڵاتی یاسادانان: زۆرێک لەتوێژەران جەختدەکەنەوە سەر چالاککردنی ئەم دامەزراوەیەو تواناداركردنی لەسەر چاودێریی و لێپرسینەوەو پرسی دامەزراندن و لادانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا. ئەمەش بۆ خۆی کرۆکی دیموکراسییەو دەتوانێت کەم وکورتییەکان دەسەڵاتی جێبەجێکردن چاکباتەوە بەشێوەیەک لەخزمەتی تەواوی کۆمەڵگادا بێت[٢٦].

١٠- حکومەت (دەسەڵاتی جێبەجێکردن): بەو پێیەی ئەم دەسەڵاتە بەتایبەتی لەسیستەمی پەرلەمانیدا بەرپرسی یەکەمە لەجێبەجیکردن و داڕشتنی پلانی سیاسەتی گشتی سیستەمی سیاسی و هێزی شەرعی پێویستیشی لەبەردەستە؛ دەبێت تا ئەو رادەیە شەفاف و نەرم بێت کەئامادەباش بێت بۆ لێپرسینەوەی پەرلەمانیی و، کراوەش بێت بەرامبەر بەمیدیا[٢٧]. لەهەمووی گرنگتر دەبێت سەرۆک و ئەندامانی ئەم دەسەڵاتە بڕوای تەواویان بە ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی راستەقینە هەبێت.

١١- دەسەڵاتی دادوەری: سەبەرخۆیی وبێ لایەنی دەسەڵاتی دادوەریی دەروازەیەکی گرنگی ئەجامدانی ریفۆرمی سیاسییە. ئەم دامەزراوە گرنگەی ناو پانتایی سیستەمی سیاسی کەئەرکییان چاودێریکردن و بەدواداچوونی ئەو بڕیارو رێنومایییانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجیکردنەوە دەردەکرێت دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە بنەمای یاسایی و شەرعی وەردەگرێت.

١٢- دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی و میدیای سەربەخۆ [٢٨].

١٣- دواخواستێکی دیکە گرنگی ریفۆرمی سیاسی پەیوەندی بە بوونی سەرکردەو پێشەنگی کارامەو نیشتیمانی راستەقینەوە هەیە[٢٩]. ئەگەر سەردەستە سیاسیی و دەستبژێرە سیاسییەکان و سەرکردە سیاسییەکان ئەوەیان لا گەڵاڵە نەبێت کە باروودۆخی وڵاتەکە بەئاراستەیەکدا دەڕوات کەدووره لەخواست و ئیرادەو بەرژەوەندییە باڵاو و گشتییەکانی کۆمەڵگاو، هەنگاوی بوێرانەی دوور لەبەرژەوەندی تەسکی حزبایەتیی و بنەماڵەیی و دەستەیی نەنات ئەو کات پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی لەجیاتی ئەوەی دەرئەنجامی پێویست و باش بەدەستەوە بدات، دەبێتە بارگرانیەکی دیکەی سەر شانی کۆمەڵگاو خودی سیستەمی سیاسیش.

لەهەموو ئەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەریفۆرمی سیاسی: پرۆسەیەکی سادەو ئاسان نییە، بەڵکو لەهەمان کاتدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزو فرە رەهەندیشە، جێکەوتی گەورەو گرنگی لەسەر بارودۆخی گشتی کۆمەڵگاو سیستەمی سیاسی بەجێدەهێڵێت. لەم پرۆسەیەدا چەندین بەربەست و رێگری گەورە دروست دەبن کەرەنگە نەک بیوەستێنێ، بەڵکو بەتەواوەتی پەکیبخات و لەباری بەرێت. بۆیە ریفۆرمی سیاسی پێش هەموو شتێک پێویستی بە رێکەوتنی نێوان هێزە سیاسییە جیاجیاکان و سەرکردە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان هەیە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و پرسە گرنگەکان. ئەمەش بۆ خاتری ئەوەی ئەو بڕوایە هەم لای بەرەی دەسەڵاتی سیاسیی و دەستەبژێری

فەرمانڕەو هەم لای بەرەی ئۆپۆزسیۆن و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی گەڵاڵە بێت کە هەنگاونان بەرەو ریفۆرمی سیاسیی و جێبەجێکردنی راستەقینەی ناوەڕۆکەکەی لەدواجاردا بەقازانجی هاوبەشی هەمووان کۆتایی دێت. کەواتە دەکرێت بڵێین کە؛ ریفۆمی سیاسی هەوڵی بەردەوام و هاوبەشی نێوان دەستەی فەرمانڕەواو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێوست و ئەنجامدار، واتە گۆڕینی سیستەمی سیاسی بەگشتی بەرەو سیستەمیکی دیموکراسی راستەقینە نەک سیستەمیکی دیموکراسی فشەڵ و بێ ناوەڕۆک.

**تەوەری دووەم: هەوڵەکانی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان**

پرۆژەو هەوڵەکانی ریفۆرمی بەشێوەیەکی گشتی و ریفۆرمی سیاسی بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا هەر لەسەرتای یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و بونیادنانی دامەزراوەکانی دیکەی سیستەمی سیاسی؛ چی لەسەر ئاستی پرۆژەی ریفۆرمی حزبی یاخود پرۆژەی دەستە جەمعی یاخود هەوڵی تاکە کەسی دەسەڵاتدارە حزبی و حکومییەکانی کوردستان و دامەزاروە فەرمییەکان؛ هەبووە. هەڵبەتە قۆناغبەندی هەوڵ و پرۆژەکانی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان تارادەیەکی زۆر پشتی بەستووە بە رووداوە گەورەکان و نوێیەکانی ناو هەرێم بەگشتی ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە نامانەوێت تەواوی ئەو پرۆژەو یاسایانە بخەینە بەر باس وشیکردنەوە کەپێش ساڵی (٢٠٠٩) لەهەرێم هەبوون.

هەر لەسەرتاوە؛ هەرێمی کوردستان گیرۆدەی زۆر قەیرانی سەختی سیاسیی و ئابووریی و سەربازیی و یاسایی و کۆمەڵایەتیی بوویەوە. هەرچەندە لەسەرتادا دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی لەهەرێم دامەزرێنران، بەڵام هەر زوو رووبەڕووی کێشەی گەورەی بونیاد بوونەوە. هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک ) جێکەوتی زۆر خراپی لەسەر رەوشی هەرێم هەبوو بەگشتی. دابەشبوونی هەرێم بەسەر دوو زۆنی دەسەڵاتدارێتیدا لەهەموو رووبەکی سیاسیی، ئیداریی، ئابوریی، کارگێریی... هتد پاشەکشەیەکی گەورەبوو لەبەرەو پێشەوەبردنی هەرێم بەئاقارێکی زۆر نێگەتیڤدا. هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەجیاتی چەسپاندی پرەنسیپەکانی دیموکراسی، رێکخستنی سیستەمی سیاسیی و تواناداکردنی دامەزراوە فەرمییەکان، بونیادنانی ژێرخانێکی بەهێز، رێگەدان بەئازادی کارکردنی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی، هەستان بەملکەچکردنی هەموو کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ هەژموون وستراتیژی حزبی[٣٠]. بۆیە لەم ماوەیەدا بەرنامەیەکی ریفۆرمی تۆکمەی ئەوتۆ لەئارادا نەبوو، ئەمە وێڕایی ئامادەنەبوونی هیچ پارتێکی سیاسی بەتایبەتی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکە کەشان بدەنە بەر ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی. هەر ئەمەش وایکرد کارکردن بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم کارێکی فرە دژوار بێت. بەڵام ئەمە مانای وانییە کە هەوڵ و پرۆژەی ریفۆرم بوونی نەبووبێت، بەڵکو چەند هەوڵ و پرۆژەیەک هەبوون لەوانە: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە (١٩٩٤/٦/٢٧)، لە (١٩٩٤/١٢/٢٥) ،لە(١٩٩٦/١١/٩)، لە (٢٠٠٦/٧/٢٧)[٣١] پرۆژەی تایبەتی خۆی بۆ باشترکردن و ئەنجامدانی ریفۆرم لەهەرێمدا خستوەتە روو. وەک دەروازەیەکیش بۆ ریفۆرمی سیاسی لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی (نەوشیروان مستەفا) جێگری ئەو کاتی (ی.ن.ک) لە (٢٠٠٦/٤/١٣) پرۆژەیەکی بۆ چاکسازی حزبەکەی خستە روو[٣٢]. پرۆژەو یاداشتی پێنج پارتی سیاسی[*] بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٧/١/٧)[٣٣]. ئەم پرۆژەیە جگە لەپێشەکییەک لەچوار خاڵی سەرەکی پێکدێت. ناوەڕۆکی پرۆژەکە زیاتر وەک داواکاری دێتە پێش چاو نەوەک پرۆژەیەکی ستراتیژی قووڵ کە تیایدا بەوردی دەستنیشان کێشەکان کرابێت، لەهەمان کاتیشدا باسی ئەوەی تیادا نەکراوە چۆن و بەچی میکانزمێک ریفۆرم ئەنجام بدرێت. یاداشتی چوار حزبی کوردستانی[*] بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٨). لە (٢٠٠٨/١٢/١٨)یش (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری ئەو کاتی (ی.ن.ک) پرۆژەیەکی بۆ چاکسازیی و جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت ئامادەکرد[٣٤]. ئەم پرۆژەیە زیاتر ئاراستەی ئۆرگان و ریکخستنە حزبییەکانی (ی.ن.ک) کرا. جگە لەو پرۆژەو یاداشتانەی لەسەرەوە باسکران، زۆرێک پەیمانی ریفۆرم لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە دراوەن وەک بەڵێنەکەی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان لە نەورۆزی ساڵی (٢٠٠٧)، ئەمە وێڕای دەرکردنی چەند یاساو بڕیارێک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

دوای رووخانی رژێمی پێشوو عێراق لەساڵی (٢٠٠٣)، حزبە سیاسییەکان هەرێم؛ بەتایبەتی هەردوو حزبی باڵادەست سەرلەنوێ هەوڵیاندا لێکتر نزیکببنەوەو کۆتایی بەچەقبەستووی پرۆسەی سیاسی لەهەرێم بێنن دوای ئەوەی بەهۆی شەڕی ناوخۆ لێکترازانێکی گەورە دروستببوو. لە (٢٠٠٥/١٢/٣٠) هەڵبژاردنی خولی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، دوای ساڵێک حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان پێکهات[٣٥]. بەمە جارێکی دیکە سیستەمی سیاسی لەهەرێم بوژایەوە.

ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ سێ باسی سەرەکی وەک لەخوارەوە باسکراون:

**باسی یەکەم: پرۆژەو یاساکانی تایبەت بەریفۆرمی سیاسی لە ساڵی ( ٢٠٠٩ تاوەکو٢٠١٣)**

بێگومان بارودۆخی سیاسیی وکۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سەربازیی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان جیاواز تربوو لەو بارودۆخەی لەدوای ساڵی (٢٠٠٩) هاتەوە کایەوە. چونکە لێرەوە ئەزموونی حوکمڕانیی و پەرلەمانیی وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینی و چاوەڕوانی ئەوە دەکرا گۆڕانی ریشەیی روو بدات. لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پارلەماندا؛ بۆ یەکەمین جار ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەپارلەماندا دروستبوو، لەهەمان کاتیشدا رۆڵی بەرچاویان هەبوو لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و بەشداری لەپرۆسەی داڕشتن و دەرکردنی بڕیارو یاساکان و، چالاککردنی بواری کاری میدیاو کۆمەڵگەی مەدەنی. لەم قۆناغەدا پرسی دەستورێکی گونجاو بۆ هەرێم و، شێوازی سیستەمی سیاسیی و، سەربەخۆیی دامەزراوەکانی میریی و بەدامەزراوەکردنیان بووە خواستێکی سەرەکی ئەو بزاوت و چالاکییە سیاسییەی لەم قۆناغەدا بەرقەراربوون. خواستی گەشەپێدانی سیاسی نەک بووە خواستی پارت و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەڵکو لایەنی دەسەڵاتیش، بەهەمان شێوە، کردی بەخواست و پلانێکی سەرەکی بۆ خۆی وەک پەرچەکردارێک بۆ ئۆپۆزسیۆن. ئەمە سەرباری جموجوڵی جەماوەرو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بەشداری لەباشترکردنی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێم.

ئەم قۆناغە گرنگییەکی تایبەتی لەناو مێژووی پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا هەیە. بایەخی بەرچاوی قۆناغەکە لەوەدایە، وەک لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، بۆ یەکەمین جار دیاردەیەکی سیاسی تەندروست هاتە کایەوە چی لەسەر ئاستی فۆرمی حزبایەتی بێت یاخود لەسەر ئاستی کاری پەرلەمانیی وئەدای حوکمڕانیی ئەویش دروستبوونی ئۆپۆزسۆنی فەرمی ناو پارلەمان بوو. لەم قۆناغەدا؛ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی

پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)[٣٦] ئەنجامدرا. تیایدا (٢٤) لیست و پارتی سیاسی وکەسایەتی کێبڕکێیان لەسەر (١١١) کورسی پەرلەمانی دەکرد. لەئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا (١١)[*] قەوارەو پارتی سیاسی توانیان کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن. لەدانیشتنی دەستپێکی ئەم خولەی پارلەماندا کە لە (٢ ئابی ٢٠٠٩) بەسترا؛ سەرۆکایەتی پارلەمان و جێگرەکەی دران بە (ی.ن.ک) و(پ.د.ک)، لەهەمان کاتدا؛ هەرچەندە (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) ژمارەیەکی بەرچاو کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنابوو، بەڵام پێکەوە بڕیاری ئۆپۆزسیۆن بوونیاندا. بەمەش بۆ یەکەمین جار لەناو پەرلەمانی کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی شەرعی و یاسایی بەدەرکەوت.

جگە لەئۆپۆزسیۆنی شەرعی و یاسایی لەناو پارلەماندا، بارودۆخی ئابووری و زۆری داهات لەبەرامبەر تەشەنەسەندنی دیاردەی گەندەڵی و، بەهەدەردانی سامانی گشتی و بەکارنەهێنانی لەبواری بوژاندنەوەی ژێرخانی سێکتەرە جیاوازەکان، هەروەها رەخساندنی پانتاییەکی باش بۆ ئازادی رۆژنامەگەری و میدیا بەگشتی و، چالاکی رۆشنبیری و، هەڵکشانی بزاڤی جەماوەری و، بەرەو پێشەوەچوونی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی[٣٧]، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە دەرگای لەبەردەم حزبە سیاسییەکان؛ بەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوەو، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کردەوە لەوەی بەشداری لەداڕشتنی پرۆژە ریفۆرمخوازییەکاندا بکەن یاخود بەلایەنەی کەمەوە بەشداری لەو گفتوگۆیانەدا بکەن کە سەبارەت بە چۆنێتی ئەنجامدانی ریفۆرم ئەنجام دەدران.

رەنگە هەڵە نەبێت ناوی ئەم قۆناغە بەقۆناغی (داڕشتن وپێشکەشکردنی پرۆژەکانی ریفۆرم) ناوەزەند بکەین، ئەمەش لەبەر زۆری ئەو پرۆژانەی چ لەلایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە لەناو و دەرەوەی پارلەمان و، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی و، خودی حکومەت وسەرۆکایەتی هەرێم و پارتە دەسەڵاتدارەکانیشەوە پێشکەش کران.

پێش ئەوەی باسی هەندێک لەو پرۆژانە بکەین، تیشکێکی خێرا دەخەینە سەر ئەو راپۆرت وپرۆژەیەی کە هەرچوار پارتەکە (یەکگرتوو، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست) بۆ رای گشتی خستیانە روو[٣٨]. لەبنەڕەتدا ئەم پرۆژەیە وەک پەرچەکردارێک خرایە روو لەلایەن ئەو حزبانەوە بەرامبەر ئەو پرۆژە چاکسازییانەی کە لەماوەکانی پێشتوتردا خستبوویانە بەردەم دەسەڵات و گوێیان لێنەگیرا. بەشێوەیەکی گشتی پرۆژەکە داوای ریفۆمی هەمەلایەن دەکات، بەڵام لەچاو پرۆژەکانی رابردوودا روونتر تیشک خراوەتە سەر ریفۆرمی سیاسی لەدامەزراوەکانی پارلەمان، حکومەت، سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەڵاتی دادوەری، ئەنجامدانی هەڵبژاردن. بەڵام گرفتی سەرەکی پرۆژەکە وەک لەناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت ناراستەخۆ؛ خۆی لەرێگەی رای گشتییەوە ئاراستەی دەسەڵات کراوە، بۆیە پرۆژەکە زیاتر وەک پاکانەی سیاسی دێتەئەژماردن وەک لەوەی پرۆژەیەکی جددی و خاوەن رەهەندی بەهێز بێت. ئەمە جگە لەوەی پرۆژەکە هەژارە لەخستنەڕووی ئەو میکانیزمە گرنگانەی لەرێگەیانەوە ریفۆم ئەنجام بدرێت. وێرای ئەو کەم وکورتییانە، هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (ی.ن.ک) و(پ.د.ک) لەرۆژی (٢٠٠٩/١١/٢١) لەروونکردنەوەیەکی (١٩) خاڵیدا وەڵامی پرۆژەکەیان دایەوە. بەڵام لەجیاتی گفتوگۆکردنی بڕگەکانی پرۆژەکە، خاوەنەکانی پرۆژەکەیان بە (ئیزدواجیەت)ی کاری سیاسی تاوانبار کرد لەو روانگەیەوە لەلایەکەوە بەشدارن لەحکومەت و، لەلایەکی دیکەشەوە وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان نمایش دەکەن. سەربارى ئەوەی رەخنەی توندیان لەچوار حزبەکە گرت بەوەی چۆن ئەتوانن بەناوی گەلەوە قسەوە بکەن لەکاتێکدا زۆرینە لای یەکێتی و پارتییە. بۆیە ئەم وەڵامەی دەسەڵات بۆ پرۆژەکە خۆی لەخۆیدا سەلمێنەری ئەوەن کە بڕگەکانی ناو پرۆژەکە پشتگوێ خراون و کاریان لەسەر نەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک بڕگەی پرۆژەکە لەدواتردا بوونە پاکێجی گرنگی ریفۆرم.

لەگەڵ دەستبەکاربوونی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٨/٢٠) و پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٩/٩/١٦) بەسەرۆکایەتی (بەرهەم ساڵح) لەپشکی یەکێتی و کابینەی حەوتەم لە (٢٠١٢/٤/٥) بەسەرۆکایەتی (نێچیرڤان بارزانی) لەپشکی پارتی و، (مەسعود بارزانی)یش وەک سەرۆکی هەرێم دەستبەکاربوو. پرۆژەگەلێکی زۆری ریفۆرم خرانەروو لەهەموو لایەکەوە.

١- لە بەرواری ( ٢٠١٠/٨/١٦) بزوتنەوەی گۆڕان پرۆژەیەکی (١٢)[٣٩] خاڵی بۆ ریفۆرمی سیاسی ئاراستەی هەر یەکە لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی، مەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ. پرۆژەکە بەگشتی داوای ریفۆرمی هەمە لایەنە ئەکات نەک تەنها ریفۆرمی سیاسی. هەرچەندە پرۆژەکە بەناوی (پرۆژەی بزوتنەوەی گۆڕانە بۆ چاکسازیی سیاسی لەهەرێمی کوردستان). لەراستیدا پرۆژەکە زیاتر لەداواکاری ئەچێت وەک ئەوەی پرۆژەیەکی ستراتیژی بێت، ئەمە جگە لەوەی بەزمانێکی گشتگیر داوای ریفۆرم لەزۆر بواردا ئەکات بێ ئەوەی میکانزیمی گونجاویان بۆ بخاتە روو.

٢- لەدوای خۆپیشاندانەکانی (١٧/شوباتی/٢٠١١) و ئەو دەرئەنجامە نەخوازراوانەی لێی کەوتەوە لەلایەک، پاڵپشتی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)وە چ لەناو یاخود دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان لەلایەکی دیکەوە، وێرای ئەو فشارانەی خرانە سەر دەسەڵات و حکومەتی هەرێم بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی ریشەیی، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە (٢٠١١/٢/٢٣)؛ بڕیاری ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) دەکرد کە بە (١٧ خاڵەکەی پەرلەمان) بەناوبانگە. هەرچەندە ئەم بڕیارەی پارلەمان ناچێتە خانەی ریفۆرمەوە، بەڵام هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو ئەنجامدانی ریفۆرمی ریشەیی بەتایبەتی خاڵەکانی (١٢، ١٣، ١٥، ١٦)[٤٠]. لەدانیشتی نائاسایی ژمارە (٧) لە (٢٠١١/٣/١٧) پەرلەمانی کوردستان فەرمانی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١١)[٤١] دەرکرد بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دیالۆگی نیشتیمانی لەنوێنەری گشت فراکسیۆنەکانی پارلەمان تایبەت بەجێبەجێکردنی خاڵی (١٦)[*] بڕیاری ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) خۆی. هەڵبەبەتە ئەمە دەسپێکێکی باش بوو بۆ پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی گرنگی حوکمڕانی؛ رۆڵی خۆی بگێرێت.

٣-پەیامی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نەورۆزی ساڵی (٢٠١١) دەربارەی ئەنجامدانی ریفۆرم. لەپەیامەکەیدا کە (٢٢) خاڵ لەخۆ دەگرێت؛ سەرۆکی هەرێم داوای ئەنجامدانی ریفۆرمی لەبواری حکومەت، نەهێشتنی تەزکیەی حزبی بۆ دامەزراندن، دامەزراندنی ئەنجومەنی راژە، دانانی پرۆژەی بوودجەی هەرێم بە شێوەیەکی شەفاف، هەندێک پرسی دیکەی تایبەتی بەبواری ئابووری[٤٢]. ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمی ئەو کات وەک وەڵامدانەوەیەکی ناراستەوخۆ بوو بۆ داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن لەلایەک و، داوکاری خۆپیشاندەرانی (١٧ شوبات ٢٠١١) لەلایەکی

دیکەوە. لە (٢٠١١/٦/١٤) واتە دوای نزیکەی سێ مانگ (مەسعود بارزانی) قۆناغی ئەنجامی پرۆژە چاکسازییەکەی خۆی ڕاگەیاند[٤٣]. لە (٢٠١٢/٣/٢٦) دیسانەوەی لە (٧) خاڵی سەرەکیدا هێڵە سەرەکییەکانی ستراتیژی چاکسازیی لەهەرێم ڕاگەیاند[٤٤].

٤- یەکێک لەپرۆژە گشتگیرو فرە ڕەهەندەکانی ئەم قۆناغە؛ پرۆژە (٢٢)[٤٥] خاڵییەکەی ئۆپۆزسیۆن بوو بۆ ریفۆرم لەکوردستان کە لەبەرواری (٢٠١١/٣/٣) هەر سێ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکەی ناو پەرلەمان (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) ئاراستەی هەر یەکە لە (سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) کرابوو، لەگەڵ وێنەیەک بۆ هەر یەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک). لەڕاستیدا پرۆژەکە فۆکەسی خستووتە سەر جومگە سەرەکییەکانی پرۆسەی حومکڕانی بەجۆریک ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەجێبکرابان پرۆسەی ریفۆرمی گشتی و ریفۆرمی سیاسی هەنگاوێکی باشی دەبڕیوو، دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی لەهەرێم پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە دەبینی. بەڵام لایەنی نێگەتیڤی پرۆژەکە زیادەڕۆویی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بوو، چونکە لەخاڵی (٢١) پرۆژەکە داوا دەکەن لەماوەی مانگێکدا بڕیار بۆ هەموو خاڵەکانی پرۆژەکە دەربچێت و، لەماوەی (٢) مانگیشدا جێەجێبکرێن. لەخاڵی (٢٢) ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە لەئەگەری جێبەجێنەبوونی خاڵاکانی پرۆژەکە لەو ماوەیەدا؛ دەبێت سەرۆکی هەرێم بڕیاری هەڵبژاردنی پێش وەختە ڕابگەیەنێت و، حکومەتێکی نیشتیمانی سەرپەرشتی ئەو قۆناغەو هەڵبژاردنەکان بکات.

ڕاستە پرۆژەکە؛ پرۆژەیەکی باش و فرە ڕەهەندی نیشتیمانی بوو، بەڵام گومانی تیادا نییە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەکاریگەرگەربوون بەرووداوەکانی (بەهاری عەرەبی) لەلایەک و، ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان لەلایەکی دیکەوە، هەروەها تەشەنەسەندنی گەندەڵیی لەناو جومگەکانی سیستەمی سیاسی هەرێم ئەوەیان پشت گوێ خست کەئەم داوکارییانە کاتی زیاترو کاری زۆرترو پاڵپشتی زیاتریان ئەوێت. وەک لەمەرج و داواخواستەکانی ریفۆرمی سیاسیدا خستمانە ڕوو؛ ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی پێش هەموو شتێک پێویستی بەسازان و لێکتێگەیشتن و پشوو درێژیی و پاڵپشتی زۆر هەیە تاوەکو ئەنجامی خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام ئەم پرۆژەیە ئەو مەرجانەیان لەبەرچاو نەگرت. بۆیە نەک پرۆژەکە جێبەجێنەکرا، بەڵکو دەسەڵات واتە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بە پرۆژەیەک وەڵامی ئەم پرۆژەیەی دایەوە.

٥- جگە لەو پرۆژەیە؛ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن هەستان پرۆژەیەکی شەش پاکێجییان ئامادەکرد بەمەبەستی ریفۆرمی ریشەیی لە هەرێمی کوردستان. لەسەر بنەمای ئەو پاکێجانە هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) زنجیرەیەک کۆبونەوەی پێنج قۆڵییان لەگەڵ هەردوو حزبی فەرمانڕەوا (پ.د.ک)و (ی.ن.ک) ئەنجامدا لە ڕۆژانی ٢٠١١/٦/٤ تا ٢٠١١/٦/٢٧[٤٦]. پاکێجەکان تایبەت بوون بە: یەکەم: چاکسازی لە سیستەمی سیاسیی هەرێم. دووەم: سەربەخۆو بێلایەن کردنی پێشمەرگەو ئاسایش و دەزگا هەواڵگیرییەکان. سێیەم: سەربەخۆکردن و ئەکتیڤکردنی دەسەڵاتی دادوەری. چوارەم: بەگژداچوونەوەی گەندەڵی. پێنجەم: چاکسازیی ئیداریی لەوەزارەتی پەروەردەو نەهێشتنی دەستی حیزب تیایدا. شەشەم: پێکهێنانی حکومەتێك کە بتوانێت ئەم چاکسازییانە جێبەجێ بکات.

٦- پرۆژەی هاوبەشی نوێبوونەوەو ئایندەسازی یەکێتی- پارتی لە (٢٠١١/٦/٢٦)[٤٧]. ئەم پرۆژەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەمی تایبەتە بۆ (پرۆژە هاوبەشەکەی نێوان هەردوو حزبەکە بەناوی ناوێبوونەوەو ئایندەسازیی و، لەشەش تەوەری سەرەکی پێکدێت دەربارەی (پرەنسیپی سەروەری یاسا، هەڵسەنگاندنی کارە یاساییەکان، چاکسازی یاسای وەزارەتەکان و چاودێرییان، هەموارکردنی یاسای حیزب ورێکخراوەکان، ڕێکخستنەوەی وەزارەت و دەزگاکان، یاسای نوێی ڕێکاری). بەشی دووەمی پرۆژەکە تەرخانکراوە بۆ وەڵامدانەوەی پرۆژە (٢٢) خاڵیەکەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و، لەچوار تەوەری سەرەکی پێکدێت سەبارەت بە ( پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن، هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، هەموارکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێم). کۆتا بەشیش تەرخانکراوە بۆ (دەربڕینی چەند بیروڕایەک دەربارەی پرۆژەی دەستوری کوردستان). شایانی ئاماژەیە ئەم پرۆژەیە لە کۆبوونەوەی نێوان حزبەکانی ئیئتلافی حکومیی و ئۆپۆزسیۆن لەتەلاری پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١١/٦/٢٧) لەلایەن (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) خرایە بەردەستی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و، لەهەمان کاتیشدا داوایان لێکردن وەڵامیان بدەنەوە. ناوەڕۆکی ئەم شەش پاکێجە تاڕادەیەکی زۆر چەختکردنەوە بوو لەسەر خاڵەکانی ناو پرۆژە (٢٢) خاڵیەکە. خاڵی بەهێزی ئەم پاکێجانە دیالۆگی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بوو لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵات بۆ ئەوەی بەهەماهەنگیی و لێکتێگەیشتن دەست بکەن بەریفۆرم. بەڵام لەدواجاردا بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن دانوستانی پێنج قوڵی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەگەڵ (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) ڕاگیرا[٤٨].

هەر لەم ماوەیەدا (بزوتنەوەی لاوانی ١٧ شوبات) لە (٢٠١١/٤/٧) پرۆژەیەکی (٩) خاڵییان بەناوی (پرۆژەی هەنوکەیی بزوتنەوەی لاوانی ١٧ شوبات بۆ چاکسازی ریشەیی) ڕاگەیاند. بابەتەکانی (هەموارکردنەوەی یاسای خۆپیشاندان، دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی توندوتیژیان بەرامبەر خۆپیشاندەران ئەنجامداوە، نوسینەوەی ڕەشنووسی دستوری هەرێم، هەڵوەشاندنەوەی هەردوو دەزگاو ئەنجومەنی ئاسایش، ڕێکخستنەوەی سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە، سزادانی ئەوانەی بوونە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، سەربەخۆیی دادگان). بەدوایداو لە (٢٠١١/٤/١٠) ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی[٤٩] لەسلێمانی پرۆژەیەکیان بەناوی (نەخشە ڕێگای چارەسەری ریشەیی قەیرانی سیاسیی وحوکمڕانی لەکوردستان- گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان) ڕاگەیاند. پرۆژەکە بەخستنە ڕووی هەشت ڕاستی پرۆسەی حوکمڕانی لەهەرێم دەستپێکردووەو پاشان بە سێ خاڵی سەرەکی داوای (دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم، دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی حکومەت و هەڵوەشاندنەوەی کابینەکەی، دەست لەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دامەزراندنی حکومەتی کاتی بێ لایەن و گواستنەوەی ئاشتیانەی بێ قەیدو شەرتی دەسەڵاتە فەرمییەکان بۆ ئەو حکومەتە....) لەپاشاندا بە (١٠) خاڵ باسی ئەو کارانەیان کردووە کەدەبێت حکومەتی کاتی ئەنجامیان بدات. خاڵی لاوازی ئەم دوو پرۆژەیە بۆ ریفۆرمی ریشەیی داواکاری یەکلایەنەی خۆپیشاندەران و نوێنەرەکانێتی، ئەمە سەرباری ئەوەی داواکارییەکان زیاتر مەیلێکی شۆڕشگێڕانەیان پێوە دیاربوو، چونکە داوای گۆڕانی ریشەییان دەکرد. لەلایەکی دیکەوە داڕێژەرانی پرۆژەکە بارودۆخی گشتی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیان وەک پێویست لەبەرچاو نەگرتبوو.

لەدوای کۆتایی هاتنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی (بەرهەم ساڵح) لەپشکی یەکێتی، کابینەی حەوتەم بەسەرۆکایەتی (نێچیرڤان بارزانی) لەپشکی پارتی دەستبەکاربوو. رادەستکردنی سەرۆکایەتی حکومەت لە لایەن یەکێتییەوە بۆ پارتی لەچوارچێوەی بەندەکانی رێکەوتنامەی ستراتیژی لە (٢٠٠٧/٧/٢٧)[٥٠] نێوان هەردوو حزبەکە بوو. لەیەکەمین وتاریدا[٥١] لەتەلاری پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٢/٤/٥)؛ (نێچیرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی حکومەت هێڵە گشتییەکانی کابینەکەی خستەروو. لە وتارەکەیدا جەختی کردەوە سەر چەند بابەتێک لەوانە: (دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر پرسە نیشتمانیی وچارەنووسسازەکان، پێداچوونەوە بەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، کارکردن بۆ لامەرکەزی کارگێڕی لەحکومەت، بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، سەروەری یاسا، گرنگی پارلەمان وەک دامەزراوەیەکی گرنگی یاسادانان و چاودێری، بەشداری سیاسی هەمەلایەنە، شەففافیەت لەکارەکانی حکومەت، گەشەپێدانی ئابووری...). ئەمە جگە لەچەند پرۆژەیەکی دیکە کە لەم قۆناغەدا چی لەلایەن ئۆپۆزسیۆن یاخود حزبەکانی دەسەڵاتەوە خرانە روو.

لەراستیدا ئەم قۆناغە؛ قۆناغێک بوو ئومێدی گەورەی لەسەر هەڵچنرا بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم بەگشتی و ریفۆرمی سیاسی بەتایبەتی. پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا بەشیوەیەکی زۆر باش ئاکتیف بوو. لەدانیشتی دەسپێکییەوە لە (٢٠٠٩/٨/٢٠) تاوەکو کۆتایی هاتنی ئەم خولە (٢٠١٣/١١/١)[*] پەرلەمانی کوردستان (٧٤) یاسا کە (١٨) یاسایان هەموارکردنەوە بووە، لەگەڵ (٦٥) بڕیاریشی دەرکردووە. لەگرنگترین ئەو یاسایانەی تایبەتبوون بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی بریتیبوون لە:

١- یاسای ژمارە (١١) ساڵی (٢٠٠٩)؛ یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێک وەزارەت لەهەرێم. کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠٠٩/١٠/٢٦) دەریکرد[٥٢].

٢- یاسای ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٩)؛ هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی (١٩٩٤). کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠٠٩/١٠/٢٦) دەریکرد[٥٣].

٣- یاساکانی بوودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠[٥٤]-٢٠١١[٥٥]-٢٠١٢[٥٦]-٢٠١٣[٥٧]).

٤- یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢٨) لە (٢٠١٣/٦/٥) دەریکرد[٥٨].

٥- یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق. کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠١٠/١١/٣) دەریکرد[٥٩].

٦- دەرکردنی یاسای تایبەت بۆ چەند وەزارەت و دەستەیەک لەوانە (وەزارەتی دارایی[٦٠]، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ[٦١]، دەستەی گشتی دەستپاکی[٦٢]، یاسای ئەنجومەن[٦٣] و دەزگای ئاسایش[٦٤]، ئەنجومەنی گشتی راژە[٦٥]).

٧- ئەمە جگە لە هەموارکردنەوەی چەند یاسایەکی گرنگی دیکەی وەک ( هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکان[٦٦]، نۆیەمین هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیران[٦٧]، هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان[٦٨]).

سەبارەت بەگرنگترین بڕیارەکانیش دەتوانین ئاماژە بکەینە ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە:

١- بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی پەرلەمانی کوردستان کە بە (١٧) بڕیارەکە ناسراوە. تایبەت بوو بەچارەسەرکردنی قەیرانی خۆپیشاندانەکانی (١٧ شوباتی ٢٠١١). کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە (٢٠١١/٢/٢٣) دەریکرد[٦٩].

٢- بڕیاری ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١٣)؛ بڕیاری هەموارکردنی حەوتەمی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢). کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧) لە (٢٠١٣/٥/٢٧) دەریکرد[٧٠].

وێڕای ئەمانە؛ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانیش لەم قۆناغەدا ژمارەیەک پەیڕەوی دەکرد؛ لەگرنگترینیان:

١- پەیڕەوی ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١١)؛ پەیڕەوی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان، کە ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٢) لە (٢٠١١/٨/١) دەریکرد[٧١].

٢- پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٢)؛ پەیڕەوی هەموارکردنی سێیەمی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٦)، کە ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٢/٧/١٠) دەریکرد[٧٢].

٣- پەیڕەوی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٣)؛ پەیڕەوی هەموارکردنی سێیەمی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٦)، کە ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٣) لە (٢٠١٣/٧/٢٨) دەریکرد[٧٣].

٤- پەیڕەوی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٣)؛ پەیڕەوی هەموارکردنی سێیەمی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٦)، کە ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٥) لە (٢٠١٣/٩/٩) دەریکرد[٧٤].

شایانی ئاماژەیە هەر سێ ئەو هەمووارکردنانەی سەرەوەی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران، دەستپێشخەریەکی باش بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران دروست بێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە؛ دووەمین هەمواریان گرنگ بوو بۆ شەفاف بوونی حکومەت لەکارەکانیداو پێدانی زانیاری بە لایەنەکان.

هەڵبەتە پرسی ریفۆرمی سیاسی لەم قۆناغەدا؛ پرسێکی گەرم وگوڕو دیالۆگی نێوان ئۆپۆزسیۆن، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەسەڵات لەلایەک، لەلایەک دیکەشەوە پرۆژەی فەرە رەهەندی زۆر خرانەڕوو. هەندێک لەو پرۆژانە چی وەک بڕیار چی وەک یاسا چی هەموارکردنەوەی هەندێک لەیاساکان هیچ نەبێت گرنگیان پێدرا. بەڵام سەرباری ئەمانە، لەکۆتایی ئەم خولەدا زەبرێکی کوشندە بەر پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی کەوت ئەویش درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ. ئەمە درزێکی گەورەی بێ متمانەیی خستە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات و هاوڵاتی لەیەک کاتدا. ئەمە سەرباری نەگەڕانەوەی رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان کە داواکارییەکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بوو. جگە لە هەموارنەکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) لە ساڵی (٢٠٠٥)[٧٥] کە دەسەڵاتێکی زۆری داوەتە سەرۆکی هەرێم[٧٦]. ئەمەش وای لەسیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان کرد کە نە سیستەمێکی سەرۆکایەتی نە سیستەمیکی پەرلەمانی بێت[٧٧].

**باسی دووەم: پرۆژەو یاساکانی تایبەت بەریفۆرمی سیاسی لە ساڵی (٢٠١٣/١١/٦) بۆ (٢٠١٨/١١/٦)**

پاش کۆتایی هاتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، لە (٢٠١٣/١١/١) هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا. لەم هەڵبژاردنەدا دیاردەی پێکهێنانی هاوپەیمانیی نێوان حزبەکان نەماو؛ هەر حزبێک بۆ خۆی چووە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکەوە. لەکۆی (٣١) حزب و قەواری سیاسیی بەشداربووی هەڵبژاردنەکە؛ تەنها (١٧) حزب و قەوارە توانیان کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنن. دیارترینیان: پ.د.ک- ٣٨ کورسی، گۆڕان- ٢٤، ی.ن.ک- ١٨ کورسی، یەکگرتوو- ١٠ کورسی، کۆمەڵ- ٦، ئەوانی دیکە بەهەموویانەوە – ١٥ کورسی)[٧٨]. بەهۆی ئەوەی کەهیچ حزب و قەوارەیەکی سیاسی نەیتوانی ئەو ژمارە زۆرەی کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنیت کە بتوانێت حکومەت پێکهێنێت؛ بۆیە هەر پێنج حیزبە براوەی هەڵبژاردنەکە واتە (پ.د.ک، ی.ن.ک، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) پاش چەند مانگێک لەکۆبوونەوەو دانوستانی بەردەوام دواجار رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی پەرلەمان و کابینەی نوێی حکومەت. ئەمجارە؛ پێچەوانەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان هەر سێ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکە بڕیاری وازهێنانیان لە ئۆپۆزسیۆن بوونی پەرلەمانی هێناو، بەشداریان لەکابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و کابینەی حکومەتی بنکە فراوانیان پێکهێنا. لەئەنجامی رێکەوتنی نێوان هەر پێنج لایەنەکە؛ لەدانیشتنی دەسپێکی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٤/٤/٢٩)؛ (یوسف محمد صادق) لەبزوتنەوەی گۆڕان بەسەرۆکی پەرلەمان و؛ (جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی) لە سەر پشکی (پ.د.ک) وەک جێگری پارلەمان و، (فەخرەدین قادر) لەسەر پشکی کۆمەڵ هەڵبژێردران[٧٩]. پاش هەڵبژاردنی خولی چوارەم بۆ ماوەی نزیکەی (٩) مانگ بەتەواوەتی لە (٢٠١٤/٦/١٦) کابینەی حکومەت بەسەرۆکایەتی (نێچیرڤان بارزانی) لەپشکی پارتی و، جێگری (قوباد تاڵەبانی) لەسەر پشکی (ی.ن.ک) پێکهات[٨٠]. کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێم جگە لەسەرۆک و جێگرەکەی لە پێنج وەزارەت بۆ (پ.د.ک)، پێنج وەزارت بۆ (ی.ن.ک)، چوار وەزارەت بۆ گۆڕان، سێ وەزارەت بۆ یەکگرتوو، دوو وەزارەت بۆ کۆمەڵ، دوو وەزارەتیش بۆ هەریەکە لەپێکهاتەی کلدان و ئاشووری.

بەم جۆرە دیاردەی ئۆپۆزسیۆن بوون لەم خوولەی پەرلەماندا نەماو، هەمووان پێکەوە حکومەتێکی بنکە فراوانیان پێکهێنا. بۆیە چیتر کارو پرۆژەی ریفۆرم لەدەرەوەی پەرلەمان تاڕادیەکی زۆر کەمبوویەوەو، لەجیاتی ئەوە پرۆژەو هەوڵەکانی ریفۆرم لەناو پەرلەمانەوە پێشکەش و ئەنجامدران.

خشتەی ژمارە (١)

| ژمارەی پرۆژە یاسا کەپێشکەش پەرمان کراون | ژمارەی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە | | ژمارە یاسای پەسەندکراو | ژمارە بڕیاری پەسەندکراو | ئامادەبوونی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەپەرلەمان | | | لێپرسینەوە لەئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە | خوێندنەوەی بۆ نەکراوە | | | ئامادەبوون | ئامادەنەبوون | ئامادەبوون لەسەر داواکاری خۆیان | |
| ٣٠٩ | ٢١٣ | ٩٦ | ٣٣ | ٨ | ٣٣ | ٢٠ | ٢ | ٠ |

لەئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن: ١- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، هەڵسەنگاندنێک بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٣/١١/٦ بۆ ٢٠١٨/١١/٦)، راپۆرتی سیانزەهەم، ئابی ٢٠١٩، ل ٥٧.

٢- فوئاد احمد سلیمان، مێژووی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان: رۆڵی بڵاوکردنەوەی دۆکۆمێنتەکانی یاسادانان لەبتەوکردنی پەیوەندی هاوڵاتی بەدامەزراوەی سادانانەوە، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، چ١، ٢٠١٩، ل ٩٤-٩٨.

٣- ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی کوردستان، بەشی یاساکان، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: https://2u.pw/qIdbl

٤- ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی کوردستان، بەشی پرۆژەکان، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: https://2u.pw/9WhI4

لەگرنگترین ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی بواری ریفۆرمی سیاسی لەم قۆناغەدا لەلایەن فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کران بریتیبوون لە[٨١]:

١- پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ساڵی (٢٠٠٧). دوو پرۆژە.

٢- پرۆژە یاسای بەکاربردن و هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی ژمارە (٤١) ساڵی (٢٠٠٨) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. دوو پرۆژە.

٣- پرۆژە یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان لەهەرێمی کوردستان- (لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە).

٤- پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان . عیراق (لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە).

٥- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەبەرهێنان ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦.

٦- پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

٧- پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان . عێراق. دوو پرۆژە.

٨- پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان-عێراق. دوو پرۆژە.

٩- پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان-عێراق

١٠- پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠.

١١- پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٦).

١٢- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عیراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥. چوار پرۆژە.

١٣- پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و بەروبوومەکانی KODO.

١٤- پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان . عێراق.

١٥- پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان.

١٦- پرۆژە بڕیاری دەست بەسەرداگرتن و گەڕاندنەوەی ئەو موڵک و سامانانەی بەناڕەوا بەدەست هاتوون.

گرنگترین یاساکانیش کە لەم قۆناغەدا پەرلەمانی کوردستان دەریچواندن بریتیبوون لە:

١- یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان . عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) لە (٢٠١٤/٥/١٣) دەریکرد[٨٢].

٢- یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای رێکخستنی خۆپێشاندان لەهەرێمی کوردستان، لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە گەڕێندرایەوە. سەرۆکی هەرێم بەهۆکاری پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆیی یاساکەی ئیمزا نەکردو، بە بڕیاری ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ یاساکەی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمان[٨٣] و، تائێستاش پەرلەمان پێداچوونەوەی پیانەکردووە.

٣- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨) لە (٢٠١٤/٧/٢٣) دەریکرد[٨٤].

٤- یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان . عێراق، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٩) لە (٢٠١٤/٧/٢٤) دەریکرد[٨٥].

٥- یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان . عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی نائاسایی ژمارە (١٣) لە (٢٠١٤/١١/٢٦) دەریکرد[٨٦]. ئەم یاسایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ئیمزا نەکرا بەهۆی ناڕەزایی دەربڕین لەسەر مادەی (٥) یاساکە بە بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥)[٨٧] گەڕاندییەوە بۆ پەرلەمان. پەرلەمانیش لای خۆیەوە بەبڕیاری ژمارە (١٠) لە (٢٠١٥/٤/٢٩) پێداچوونەوەی بەیاساکە کردو دەریچواند.

٦- یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لەهەرێمی کوردستان . عێراق، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) لە (٢٠١٥/٤/١) دەریکرد[٨٨].

٧- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان . عێراق بۆ راپرسی، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨) لە (٢٠١٥/٤/١٣) دەریکرد[٨٩].

٨- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ یاسای لێبوردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان-عێراق، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) لە (٢٠١٧/١٢/١٧) دەریکرد[٩٠].

سەبارەت بە گرنگترین بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانیش لەم قۆناغەدا لەبارەی ریفۆرمی سیاسییەوە دەتوانین ئاماژە بکەینە بڕیارەکانی:

١- بڕیاری ژمارە (٧) ساڵی (٢٠١٤)؛ بڕیاری هەموارکردنی هەشتەمی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢). کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥) لە (٢٠١٤/٥/٢٠) دەریکرد[٩١].

٢- بڕیاری ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠١٤) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٨) لە (٢٠١٤/٧/٢٣) دەریکرد[٩٢].

٣- بڕیاری ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١٤) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٨) لە (٢٠١٤/٧/٢٣) دەریکرد[٩٣].

٤- بڕیاری ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠١٤) سەبارەت بە رەزامەندیی دەربڕین لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٤/١٠/٢٢) دەریکرد[٩٤]. گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدایە کە بۆ یەکەمین جار پەرلەمانی کوردستان؛ وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مەرجەعی بڕیار دروستکردنی سیاسیی، بڕیار لەسەر جوڵاندنی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

٥- بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥) بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستان . عێراق، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی دەستپێکی خولی بەهارە لە (٢٠١٥/٣/٣) دەریکرد[٩٥].

٦- بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٥) بڕیاری هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنەوەو هێنانەکایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠١٥/٥/٢٠) دەریکرد[٩٦].

لەهەمان کاتیشدا؛ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین بڕیاری دەرکردووە لەم قۆناغەدا. لەبەر زۆری بڕیارەکان تەنها ئاماژە بەچەند بڕیارێکی گرنگ و چارەنووس ساز دەکەین وەک:

١- بڕیاری ژمارە (١٠٨)ی ساڵی (٢٠١٧) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ستراتیژی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان لە (٢٠١٧ بۆ ٢٠٢١). لە ٢٠١٧/٥/٢[٩٧].

٢- هەردوو بڕیاری ژمارە (٧١) لە (٢٠١٦/٢/٣) بڕیاری ژمارە (١٠٠) لە (٢٠١٧/١/٣١) لەبارەی خۆتۆمارکردنی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەسیستەمی بایۆمتری.

وەک ئەنجامگیرییەک بۆ هەموو ئەو پرۆژە یاساو بڕیارو یاسایانە چی لەلایەن پەرلەمان یاخود سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یاخود فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانەوە پێشکەشکران و دەرچوێندران؛ دەتوانین بڵێین کە لەمێژووی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان ماوەی دوو ساڵی یەکەمی ئەم قۆناغە؛ ماوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ هەوڵەکانی ریفۆرمی سیاسی؛ بەتایبەتی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی هەیکەلبەندی سیستەمی سیاسیی و، هەنگاونان بەرەو بەدامەزراوەیی کردنی پایەکانی حوکمڕانیی و، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری و، بەدیهێنانی گەشەپێدانی سیاسیی و، کۆتایی هێنان بەهەژموونی حزب بەسەر حکومەت و دامەزراوەکانی. بەڵام ئەم پرۆسەی ریفۆمە درێژەی نەکێشاو لەنیوەی رێگا پەکخراو، پاشەکشەیەکی مەترسیدار روویدا.

لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی سەرۆکایەتی پارلەماندا بەدەر لەهەدروو حزبی دەسەڵاتدار، حزبێکی سیاسی دیکە سەرۆکایەتی بەدەستەوە گرت. ئەمەش ئاماژەیەکی دروستبوو بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی و بەرەو پێشەوەبردنی پرۆسەی دیموکراسی و، پرسی دەستاودەستکردنی دەسەڵات. بەڵام وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد؛ ئەم سەرۆکایەتییە نەیتوانی ماوەی یاسایی خۆی تەواو بکات، بەڵکو لە (٢تشرینی یەکەم ٢٠١٥) کاتێك سەرۆکی پارلەمان ویستی لەدانیشتنی ئاسایی پارلەماندا یاسای سەرۆکایەتی هەرێم گفتوگۆبکرێت[٩٨] و هەمواربکرێتەوەو کۆتایی بەماوەی سەرۆکایەتی (مەسعود بارزانی) بهێنرێت، بەڵام بەهۆی تەواو نەبوونی نیسابی یاسایی دانیشتنەکە بۆ کاتێکی دیکە دواخرا. لەپەرچەکرداری ئەمەدا لەرۆژی (١٢ تشرینی یەکەم٢٠١٥) هێزەکانی (پ.د.ك) لەزاڵگەی

رێگای کەرکوك- هەولێر رێگریان لەسەرۆکی پەرلەمان کرد بێتە ناو شاری هەولێرەوە[٩٩]. لێرەوە دەسەڵاتی (یوسف محمد) وەك سەرۆکی پارلەمان کۆتایی هات تاوەکو لە (٢٦کانوونی یەکەم٢٠١٧) دەستی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کێشایەوە[١٠٠]. (فەخرەدین قادر)یش وەك سکرتێری پەرلەمانی[*] لە (٢٩ ئەیلولی ٢٠١٧) دەستی لەکارکێشایەوە[١٠١]. بەم شێوەیە؛ پرۆژەو یاساکانی ریفۆرم ئامانجی خۆی نەپێکا. لەهەمان کاتیشدا؛ پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی گرنگ بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم رۆڵو کاریگەری لەسەر پرسە چارەنووسسازو پێگەی لەناو پێکهاتەی سیستەمی سیاسی هەرێمدا لەدەستدا. دووبارە بەشێوەیەکی دراماتێکی گەڕایەوە ژێر هەژموونی حزبەو بوو بە پاشکۆی بڕیارە حزبیەکان. ئەمە لەکاتێکدا بوو کەعێراق بەگشتیو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەدۆخێکی تەواو هەستیارو چارەنوسسازدا تێدەپەڕین، هەر لەهاتنی رێکخراوی ئیسلامی لەشامو عێراق (داعش)و شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ چەکدارانی ئەم رێکخراوەو ئاڵۆزبوونو تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵو حکومەتی هەرێم، خراپبوونی باروگوزەرانی ئابووری خەڵکی کوردستان بەگشتی، پاشان لەهەمووی سەختتر بۆ گەلی کوردستان رووداوەکانی (١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) بوو کە نزیکەی (٥١%) خاکی هەرێمی کوردستان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی بەغدا. لەسەر ئاستی دەرەوەش هەرێمی کوردستان ئەو متمانە زۆرەی دەوڵەتانی لەدەستدا کە لەماوەی چەندین ساڵی حوکمڕانیدا توانیبووی وایانلێبکات وەك دۆست تەماشای هەرێم بکەن. ئەمە جگە لەسەپاندنی سزای یاسایی‌و ئیداریی‌و ئابووریی‌و سەربازیی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقو وڵاتانی دراوسێی وەك تورکیاو ئێران بەسەر هەرێمدا. لەهەموو ئەم رووداو پرسە گرنگانەدا پەرلەمانی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی شەرعیو کاریگەرو سەرچاوەی بڕیار دروستکردن پەکخراو و دوورو نزیك نەیتوانی نەك بڕیار بدات بەڵکو پرسیشی پێبکرێت.

سەبارەت بەهەوڵەکانی ریفۆرم لەسەر ئاستی کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان؛ ئەوا هەرچەندە ئەم کابینەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشداریان تێدا کردو حکومەتێکی بنکە فراوانیان پێکهێنا، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان بەتایبەتی پەیوەندیەکانی نێوان (پ.د.ك)و بزوتنەوەی گۆڕانو بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو کێشانەو؛ نەدۆزینەوەی چارەسەری پێویست بۆیان ئەم کابینەیە کەوتە ژێر فشارێکی زۆرەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە هێشتا بەردەوامبوو وەك حکومەتێکی بنکە فراوان تاوەکو رۆژی (١٢ تشرینی یەکەمی ٢٠١٥) سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ وەزیرەکانی گۆڕان پێی راگەیاندن کە ئەوان چیتر وەك وەزیر ناتوانن بەشداری لەحکومەتدا بکەن. بێگومان ئەمەش درێژکراوەی هەمان کاری دەرکردنی سەرۆکی پارلەمانبوو لەهەولێر. بەم شێوەیە گۆڕان بەتەواوەتی لەحکومەت دەرکرا، بەڵام بڕیاری کشانەوەی لەحکومەت نەدا تا لە (٢٠ کانونی یەکەم ٢٠١٧) لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی لەبەیاننامەیەکدا کشانەوەی یەکجاری خۆیانیان لەکابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم راگەیاندو داوایان کرد ئەم کابینە هەڵبوەشێتەوەو لەجیاتی حکومەتێکی کاتی پێکبهێنرێت تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەم[١٠٢]. یەکگرتووی ئیسلامیش لە (١٦ کانونی یەکەمی ٢٠١٨) بەزۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتیەکەی بڕیاری کشانەوەی لەحکومەت دا. سەبارەت بەسەرۆکایەتی هەرێمیش کەزۆرترین کێشمەکێشو ئاڵۆزی لێکەوتەوە بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی ویلاتی (مەسعود بارزانی) بۆ ماوەی دوو ساڵو، دواجاریش پەککەوتنی پەرلەمانی بۆ ماوەی زیاتر لەدوو ساڵ لێکەوتەوە، سەرۆکی هەرێم لە (٢٨ تشرینی یەکەن ٢٠١٧) نامەی دەستهەڵگرتنی لەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش بەسەرۆکایەتی پارلەمان کرد. لەنامەکەدا سەرۆکی هەرێمی ئەو کات داوای لەپارلەمان کرد کە نە تەمەنی سەرۆکایەتی هەرێم درێژبکرێتەوەو نە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمیش بەسەر پارلەمانو حکومەتو ئەنجومەنی دادوەریدا دابەشبکرێت. لەئەنجامی ئەمەشدا؛ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە دەرکردنی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی بەسەر دامەزراوە دەستورریەکانی هەرێم دەرکرد[١٠٣].

لەبەر رۆشنایی ئەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە پرۆسەکانی ریفۆرم بەگشتیی و، ریفۆرمی سیاسی بەتایبەتی نەک نەوەستان، بەڵکو شکست و پاشەکشەیی گەورەییان کرد بەرەو دواوە. لەجیاتی ئەوەی پەرلەمان ئاکتیف تر بکرێت و بکرێتە مەرجەعی پرۆسەی بڕیاردروستکردن و دەزگایەکی مەزنی چاودێریی کەچی بۆ ماوەی دوو ساڵ پەکخرا، کە دووبارەش ئاکتیفکرایەوە رۆڵی خۆی لەدەستداو، تەنها بووە دەزگایەک بۆ شەرعیەتدان بە بڕیارە سیاسییەکانی کۆمەڵێک نوخبەی سیاسی و حزبی. لەبەرامبەریشدا؛ ئەنجومەنی وەزیران بەهۆی ئەو بارودۆخ و تەنگەژە سیاسیی و قەیرانە جۆراوجۆرانەوە کەدووچاری هەرێمی کوردستان بوونەوە لەوە دەرچوو بتوانێت پرسی ریفۆرم بکاتە پرسێکی لەپێشینەو کاری جدی لەسەر بکات. ئەمە سەرباری پەکخستنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم. بەڵام وێڕای ئەمە؛ دەرکردنی ئەو یاساو بڕیارو دەستپێشخەریانە؛ ئەگەر لەداهاتوودا کاریان لەسەر بکرێت دەبنە بنەمایەکی باش و پێشوەختە بۆ هەنگاونان بەرەو ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو راستییەی کە پرۆسەی ریفۆرم پرۆسەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی و درێژخایەنە.

**باسی سێیەم: کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان**

هەڵبەتە ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی بۆ خۆی پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو پڕ رەهەندە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە پێویستی بەپشوو درێژیی و کاری بەردەوام هەیە. سروشتی ریفۆرم بەگشتی و ریفۆرمی سیاسی بەتایبەتی ئەوەیە کە گەرەنتی سەرکەوتنی تەواوەتی نییە. بەمانایەکی دیکە؛ پرۆسەیەکە ئەکرێت لەهەر قۆناغیکیدا بێت شکست بخوات و پاشەکشە بکات، بەڵام ئەمە بەقەدەر ئەوە مەترسیدار نییە کە گوتاری ریفۆرم بکرێتە گوتارێکی هەمیشە ئامادەی ناو گوتاری بەرەی ئۆپۆزسیۆن و بەرەی دەسەڵات و بکرێتە گوتارێکی سواوەو بێناوەڕۆک. ئەمە وادەکات پرسی ریفۆرم ببێتە گەمەیەکی دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی بەگشتی و، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت کە کۆمەڵگا لەقۆناغێکەوە بباتە قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتن و گەشەکردن. لەهەرێمی کوردستان؛ گوتاری ریفۆرم و هەوڵەکانی ریفۆرم تارادەیەکی زۆر ئەم سیفەتەی وەرگرتووە. بۆیە ئەنجامەکانیشی زیاتر رووکەش و دەستکاری ستراکچەرو ژێرخانی پرۆسەی سیاسی ناکەن نەکە هەر ئەمە، بەڵکو رەگداکوتاو تری دەکەن بەجۆرێک کە دەستکاری کردنیان زۆر ئەستەم بێت.

بەشێوەیەکی گشتی؛ لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە گرنگترین ئەو کۆسپانە باسدەکەین کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی راستەقینە لەهەرێمی کوردستان:

**یەکەم: لاوازی رۆڵی دامەزراوەی پەرلەمان**

هەموو ئەدەبیاتی سیستەمی سیاسیی و سیسیتمی سیاسی بەراوردکاریی و یاسای دەستوری چەخت لەگرنگیی و بایەخی گەورەی پەرلەمان دەکەنەوە وەک پایەیەکی گرنگی سیستەمی سیاسی لەرووی دارشتنی یاساو ئەرکی چاودێریکردنەوە. یەکێک لەکۆسپە سەختەکانی بەردەم هەنگاونان بەرەو ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێم لاوازی پەرلەمانە چی لەرووی یاسادانانەوە بێت یاخود لەرووی چاودێریکردنەوە. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە؛ ژمارەیەکی زۆری پرۆژە یاسا پێشکەش کراون، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ئەم پرۆژانە گەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی و کراون بەیاسا یاخود خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو دواجار پشتگوێ خراون (بروانە خشتەی ژمارە ١). زۆرێک لەو یاسانایەش زیاتر بەرژەوەندی باڵای حزبیی تیادا رەچاو کراوە نەوەک بەرژەوەندی گشتی. بۆ نمونە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، هەموار نەکردنەوەی یاسای رێکخستنی خۆپێشاندان لەهەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای هەموارکرنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، لەرووی چاودێری کردنیشەوە؛ پەرلەمانی کوردستان لەئاستی نزمدایە[١٠٤]. راستە پەرلەمانی کوردستان چەند جارێک بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجیکردنی بانگهێشتی پەرلەمان کردووە بۆ لێپرسینەوەو روونکردنەوەی ئەو قەیرانانەی پەیوەندیدار بوونە پێیانەوە، بەڵام لەهیچ کامیاندا، سەرباری هەبوونی قەیرانی سەختی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ئەمنیی، پەرلەمان نەیتوانیوە متمانەیان لێوەربگرێتەوە، یان هەر ئامادە نەبوونە. (بروانە خشتەی ژمارە ١). هەڵبەتە فاکتەری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستیی و هەژموونی گوتاری حزبە باڵادەستەکانی ناو پەرلەمان بەوەی نەهێلن ئەم دامەزراوەیە رۆڵی تەواوەتی خۆی بگێڕێت.

لەرووی رۆڵی سیاسییەوە، واتە هەڵبژاردن و متمانەدان بەسەرۆک و جێگرو وەزیری کابینەکانی حکومەت و دامەزراندنی بەرپرسەکان لەپۆستە باڵاکاندا، پەرلەمانی کوردستان؛ بەهۆی رێککەوتنی سیاسی حزبەکان لەدەرەوەی پەرەمان، نەیتوانیوە لەم بارەیەوە رۆڵی سەرەکی خۆی بگێڕێت، بۆیە هەموو جارێک پێکهێنانی سەرۆکایەتی پەرەمان و کابینەکانی حکومەت بۆ ماوەی چەندین مانگ دوا دەکەوت؛ بۆ نمونە هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەیی و سکرتێرەکەی بۆ خولی چوارەم بۆ ماوەی (پێنج مانگ و بیست و سێ رۆژ)و، کابینەی حەوتەم بۆ ماوەی (٩) مانگ دواکەوت.

هەموو ئەمانە وایکردووە، پەرلەمان نەتوانێت ببێتە دامەزراوەیەکی کاریگەر لەسەر پرسی ئەنجامدانی ریفۆرم، بەپێچەوانەوە خودی دامەزراوەکە پێویستی بەریفۆرمی سەرەکی هەیە.

**دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن**

حکومەتی وەک بەرپرسی یەکەمی جێبەجێکردنی یاساکان و سیاسەتی گشتی وڵات؛ رۆڵی سەرەکی لەزەمینە سازکردن هەیە بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم و، هەنگاونان بەئاراستەی ئەو بڕیارو یاساو رێنماییانەی دەچنە خزمەت ریفۆرمی سیاسییەوە، ئەمەش لەو روانگەیەوە کەئەم دەسەڵاتە لەڕیگەی بەکارهێنانی هێزی شەرعی خۆیەوە سیاسەتی گشتی وڵات جێبەجێبکات. سەبارەت بەهەرێمی کوردستان، ئەم دەسەڵاتە لەهەردوو دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت. سەبارەت بەسەرۆکایەتی هەرێم، لەو دوو ماوە زەمەنییەی توێژینەوەکەدا بەدەستی هەردوو پارتی فەرمانڕەوا (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ەوە بووە، بەجۆیک سەرۆکی هەرێم بۆ یەکەمیان و جێگرەکەشی بۆ دوومیان. هەروەها لەهەر سێ کابینەی (پێنجەم و شەشەم و حەوتەم)، بەم جۆرە بووە: کابینەی پێنجەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ (ی.ن.ک) و جێگرەکەی بۆ (پ.د.ک) بووە. ئەم کابینەی بەهۆی رێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوو حزبەکە دەبوایە دوو ساڵ بەدوو ساڵ ئاڵوگۆڕی پێبکرێت. لەسەر بنەمای ئەم رێککەوتنە دوو ساڵی یەکەمی کابینەی پێنجەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ (ی.ن.ک) و جێگرەکەی بۆ (پ.د.ک) بوو، دوو ساڵی کۆتایش بەپێچەوانەوە. بەڵام لەکابینەی حەوتەمدا ئەم ڕیککەوتنەی نێوان هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکە کاری پێنەکرا، چونکە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان هەر حزبەو بەجیا چووە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە؛ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی خولی سێیەم؛ لەم خولەدا دەستیان لەکاری ئۆپۆزسیۆن بوون هەڵگرت و بەشداری حکومەتیان کرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەدەستی (پ.د.ک) و جێگرەکەشی لەدەستی (ی.ن.ک) مایەوە.

ئەم شەراکەتەی نێوان هەردوو پارتەکە کاریگەری زۆری لەسەر رۆڵ و ئەدای حکومەت هەبوو بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی؛ چی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم یاخود لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران. بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم؛ دەسەڵاتیکی زۆر دراوەتە سەرۆکی هەرێم، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانەوە دەردەچن ئەگەر مەرسومی سەرۆکایەتی پێدەرنەچێت ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە چەندین جار سەرۆکی هەرێم پاڵپشت بەدەسەڵاتەکانی خۆی چەندین بڕیارو یاسای پەرلەمانی کوردستانی رەتکردووەتەوە؛ بۆ نمونە وەک هەمواری یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێم. لەبەرامبەریشدا، کابینە وزارییەکانی ئەم قۆناغە چونکە لەدەستی هەردوو پارتە فەرمانڕەواکەدا بووە زۆرجار لەجێبەجێکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی لەپەرلەمانەوە دەرئەکران بەسستی جێبەجێدەکران یاخود بەلاوە دەخران. بۆ نمونە تەنها لەخولی چوراەمی پەرلەماندا لەکۆی (٣٣) یاسا تەنها (٧) یاسایان چوونە بواری جێبەجێکردنەوە، (٩) یاساشیان پێشێلکراون، (١٧) یاساشیان نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەها لەکۆی (٨) بڕیار تەنها (٢) بڕیاریان چوونە بواری جیەجیکردنەوەو (٦) بڕیاریان جیەجێنەکران[١٠٥]. هەرچەندە لەکابینەی حەوتەمدا؛ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەشداری حکومەتیان کرد[١٠٦]، بەو ئامانجەی لەو رێگەیەوە بتوانن فشاری زیاتر بخەنە سەر حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆیان، بەڵام لەراستیدا؛ ئەو بەشداری پێکردنەی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و بەدەستەوە گرتنی چەند وەزراتێک؛ بەشدارییەکی راستەقینەی سیاسی و ئیداری نەبوو، چونکە دەسەڵاتەکانیان سنوردارو پڕکێشە بوون، بەڵکو ئامانجی دەسەڵات بۆ بەشداری کردنیان زیاتر وەک تاکتیکێکی فەرمانڕەوایی بوو بۆ درێژەدان بەهەژموون و باڵادەستی خۆیان لەرێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین شەرعیەتی سیاسیی و یاسایی و، نەهێشتنی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەریان. هەموو ئەمانە دواجار بەشکستی پڕۆژەکانی ریفۆرم شکایەوە. لەکابینەی حەوتەمدا، ئەو کاتەی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ویستیان لەرێگەی پەرلەمانەوە ریفۆرم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و پەیڕەوی

ناوخۆی پەرلەمان و پرۆژەی دەستوری هەرێم و یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بکەن، کەوتنە ژێر فشارێکی زۆری حزبە باڵادەستەکانەوە، ئاکامەکەشی بە پەککخستنی پەرلەمان و دەرکردنی چوار وەزیری بزوتنەوەی گۆڕان لەحکومەت کۆتایی پێهات.

**سێیەم: ئیرادەو ویستی ریفۆرمخوازی**

لەبەرئەوەی ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی خۆی لەخۆیدا دەستکاری کردن و گۆڕینی ستراکچەری کۆی سیستەمی سیاسییە و؛ لەهەمان کاتیشدا گۆڕینی پەیوەندییەکانی هێزو دەسەڵاتە لەسەر ئاستی دامەزاروە فەرمییەکان و ؛ نێوان دامەزراوە فەرمییەکان و دامەزراوە نافەرمییەکانیش، پێویستی بەویستێکی راستەقینە هەیە. ویستێک کە مەبەستی بێت هەنگاو بنێت بەرەو بەدامەزراوەکردنی سیستەمی سیاسی و دوورخستنەوەی هەموو ئەو کەم و کورتیانەی ڕێگە لەم پرۆسەیە دەگرن. هەڵبەتە؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەوڵانەی لەماوەی هەردو قۆناغەدا دراون بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم، ناتوانین بڵێین ئەم ویستە لەژیانی سیاسیی هێزو کارەکتەرە سیاسییەکانی هەرێم ئامادەگی نەبوو، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەم ویستە؛ ویستێکی راستەقینە نەبووە، پڕ لەکەلێن و خەوشداربووە، چونکە هەموو هەنگاوێک بەرەو ریفۆرم بە بەدیهێنانی ئامانج و دەرئەنجام رادەی سەرکەوتن و شکستی دیاری دەکرێت. لەهەرێم؛ ئەنجامی هەموو ئەو هەوڵانە نەک ئامانجی خۆی بەدەستەوە نەدا، بگرە بووە مایەی شکست و پاشەکشەی زیاتری یەکێک لەگرنگترین دامەزارەکانی فەرمانڕەوایی ئەویش پەرلەمان بوو.

پەرلەمانی کوردستان؛ بەتایبەتی لەخولی چوارەمیدا بۆ ماوەی زیاتر لەساڵ و نیوێک بەبڕیارێکی حزبی پەکخرا. لەم ماوەیەدا نەتوانی یاسا دەربکات، نەتوانیشی چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، کاتێکیش لە (٢٠١٧/٩/١٥) ئاکتیڤکرایەوە زیاتر پەرۆش بوون بوو بۆ شەرعیەت دان بە بڕیاری (ریفراندۆم). لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش (سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) دیسانەوە ئەو ویستی ریفۆرمخوازییە لەئاستێکدا نەبوو بتوانێت گۆڕانی پۆزەتیف لەپێکهاتەی سیستەمی سیاسی و فەرمانڕەوایی هەرێمدا دروست بکات.

**سێیەم: ناکارامەیی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن**

وەک لەئەدەبیاتی ریفۆرم بەگشتی ریفۆرمی سیاسیدا چەختی لەسەر کراوەتەوە: بوونی ئۆپۆزسیۆنی کاران کۆڵەکەو مەرجیکی سەرەکی ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسییە. دیاردەی ئۆپۆزسیۆنی فەرمی پەرلەمانی لەکوردستاندا؛ وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان. لەم قۆناغەدا؛ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان چی لەڕێگەی فشارەوە، یاخود لەڕێگەی دەربڕینی ناڕەزاییەوە، یاخود لەڕێگەی دەستپێشخەرییەوە بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەی سیاسیی وپاسایییەوە بێت لەپەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان، یاخود لەڕێگەی دانوستانەوە لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵاتدا بێت توانیان پرسی ریفۆرمی سیاسی بکەنە گوتارێکی باڵادەست هەم لەسەر ئاستی خۆیان و هەمیش لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی بەگشتی و، هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەتایبەتی، بەڵام ئەم ڕەوتی ئۆپۆزسیۆنبوونە نەیتوانی درێژە بەخۆی بدات، لەخولی چوارەمی پەرلەماندا دەستیان لەکاری ئۆپۆزسیۆنبوون هەڵگرت و، بەشداریان لەحکومەت و پارلەماندا کرد. لێرەوە ئۆپۆزسیۆن بەهێزێکی کەم و ئومێدێکی زۆرەوە خۆیان تووشی شکستێکی گەورە کرد نەک نەیانتوانی پرۆژەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، بەڵکو دووریشخرانەوە لەو بەشدارییەی کە کردیان. لەهەموو ئەمانە مەترسیدارتر؛ لەدەستدانی متمانەی جەماوەری کوردستان بوو بەم هێزانە کەئیتر بتوانن کاریگەریان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەبێت.

**چوارەم: نەبوونی کۆدەنگی و ڕێکەوتنی دەستەجەمعی لەسەر پرۆژەکانی ریفۆرم**

ڕێکنەکەوتن و جیاوازی زۆری دونیابینی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم لەهەردوو خولەکەدا بەهەردوو بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە فاکتەرێکی سەرەکی شکستی پرۆژەو هەوڵەکانی ریفۆرم بوو. بۆ نمونە لەخولی سێیەمی پەرلەماندا، بەرەی ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیەکی (٢٢) خاڵیان خستەروو بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم، بەڵام لەبەرامبەردا؛ بەرەی دەسەڵات پرۆژەیەکی دیکەیان خستەروو، واتە لەجیاتی گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان و، ریکەوتن لەسەر ئەوەی کە چی پرۆژە یاسا یان بڕیارێک پێویستی بەدەرکردن هەیەو، چی یاسایەک پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیەو، چی دامەزاوەیەک لەپێشە بۆ ئەوەی ریفۆرمی تیابکرێت، لەجیاتی ئەمە هەر یەکەو بۆ خۆیی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیان کارەکانیان دەکرد. بۆ نمونە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، پرۆژە دەستوری هەرێم، یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان نمونەی زەقی ئەم بەریەککەوتن و ڕێکنەکەوتنەیە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە؛ فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانیش دیسانەوە بەهەمان ئاوازی ڕێکنەکەوتن و دیالۆگ بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە یاساو بڕیارەکان هەر یەکە لای خۆیەوە پرۆژەی بۆ خۆی پێشکەش دەکرد بێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتری هەبێت. لەخولی چوارەمی پەرلەمان لەماوەی نێوان (٢٠١٣/١١/٦ بۆ ٢٠١٤/١١/٦)؛ لەو (٦٤) پرۆژە یاسایەی پێشکەشکراون (٣٤) پرۆژە یاسایان بەتەواوتی دووبارەبوون[١٠٧]. ئەمەش دەرخەری ئەوەبوو کە فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان بەبێ هەڵسەنگاندن وخوێندنەوەیەکی ورد، زۆر جار وەک روتینێک پرۆژەکانیان پێشکەشکردووە.

**پێنجەم:** جیاوازی دونیابینی سیاسی نێوان هێزەکان و هەژاری فەلسەفەو هزرێکی قوڵی پرۆژەکانی ریفۆرم. واتە دیاریکردنی چوارچێوەیەکی روون بۆ پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی. بەو مانایەی کە پێویستە ریفۆرمی سیاسی بنەمایەکی فکری و چوارچێوەکی ئایدیۆلۆژی بۆ دابنرێت کە ئامانج و هەنگاو و ئاسۆکانی دیاریبکات[١٠٨]. بەشێکی زۆری پرۆژەکانی ریفۆرمی سیاسی لەهەرێم کە لەو دوو قۆناغەدا خراونەتە روو ئەتوانین بەسەر دوو ئاستدا پۆلێنیان بکەین. ئاستی یەکەم: جیاوازی دونیابینی هێزەکان بەگشتی بۆ پرسی ئەنجامدانی ریفۆرم. دونیا بینیەک کە دەیویست تێکڕایی سیستەمی سیاسی سەرلەنوێ و لەسەر بنەمایەکی نوێ دابڕێژرێتەوەو، پانتاییەکی فراوانی بەشداری سیاسی راستەقینە فەراهەمبکرێت. پرۆژەو هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی خولی سێیەم نمونەی ئەم ئاستەن. ئاستی دووەم: پارێزگاری و مانەوەی سیستەمە سیاسییەکە لەگەڵ هەندێک گۆڕانی لاوەکی کە بەر بونیادی سیستەمەکە نەکەوێت، لەهەمان کاتیشدا رەخساندنی بەشدارییەکی سیاسی ئەوتۆ کەنەبێتە مایەی لاوزاکردنی پێگەو هێزو دەسەڵاتی حزبە باڵادەستەکان. پرۆژەو هەوڵەکانی دەسەڵات نمونەی ئەم ئاستەن. وێڕای ئەم راستیانە، پرۆژەو هەوڵەکان بەگشتی؛ هەڵگری فەلسەفەو هزرێکی سیاسی قوڵ نەبوون. برێکی زۆری پرۆژەکان وەک پەرچەکرداری بەرامبەر بەرهەم هاتوون نەک وەک پێویستییەکی سەرەکی کۆمەڵگاو پرۆسەی سیاسی

لەهەرێم، پرۆژە (٢٢) خاڵیەکەی ئۆپۆزسیۆن و پرۆژەی هاوبەشی نوێبوونەوەو ئایندەسازی یەکێتی- پارتی نمونەی دیاری ئەم لایەنەن. ژمارەیەکی دیکەی پرۆژەکان تەنها بۆ مەبەستی خۆ سەلماندان و دەرخستنی ناوی ئەندامانی فراکسیۆنەکان پێشکەشکراون[١٠٩].

**شەشەم:** لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیای سەربەخۆ. چەمکی هاوچەرخی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو گروپ و دەستانە دەگرێتەوە کە ئەندامەکانیان بەشێوەیەکی رێکخراو بەشداری لەپرۆسەی بڕیار دروستکردنی تایبەتەدا دەکەن کە لەرێگەی دامەزراوە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکانی دەرەوەی هەژموون و کۆنترۆڵی دەوڵەت کاردەکەن[١١٠]. چەند ئەرکێکی گرنگیشیان[١١١] هەیە وەک بەشداری لەپرۆسەی بڕیار دروستکردن بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ، بڵاوکردنەوەی کلتوری دیموکراسی و پەرەپێدانی سیاسی، راهێنان و ئامادەکردنی سەرکردەی نوێ لەکۆمەڵگادا. بۆیە بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی راستەقینەو پیشەیی ئاماژەیە لەسەر بوونی ئازادیی و فرەیی سیاسیی و پاشەکشەکردنی ئەم دامەزراوانەش واتە پاشکەشکەکردنی پرۆسەی دیموکراسی[١١٢]. تاوەکو ساڵی (٢٠١٩) ژمارەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵەو یەکێتی و سەندیکاو ناوەندە رۆشنبیرییەکان گەیشتوەتە نزیکەی (٤٨٥١)[١١٣]. بوونی ئەم ژمارە زۆرەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا کاریگەری گەورەو فشاری زۆر بخەنە سەر هێزە سیاسییەکان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم بەگشتی و ریفۆرمی سیاسی بەتایبەتی و، ببنە ناوەندێکی پیشەیی کاریگەری نێوان هاوڵاتیی و دەسەڵات. بەڵام زۆرێک لەم رێکخراوە ئەوەندە لەخزمەت ئەجێندای لایەنی سیاسی و پرۆژەی سیاسی لایەن و هێزە سیاسییەکانی هەرێمدا بوون ئەوەندە لەخزمە ئەو ئامانجانەدا نەبوون کە لەپێناویدا دامەزراون. بۆیە زۆرێک لەو رێکخراوانە رۆڵی بریکاریی دەبینن زیاتر لەوەی سەربەخۆیی و پیشەیی کاری خۆیان بسەلمێنن. دەرئەنجام نەک نەیانتوانیوە بەشداری کارا بکەن و فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم؛ بەڵکو بۆ خۆیان بوونە بارگرانییەکی قورس بەسەر داهات و بوودجەی هەرێمەوە.

سەبارەت بە میدیاش ئەوە روونە کە چۆن هۆکارەکانی راگەیاندن و راگەیاندنی نوێ؛ کە بەدەسەڵاتی چوارەم ناسراون؛ لەرێگەی وروژاندنی پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو چاودێریکردن و هاندانەوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەسەڵات هەبێت و ناچاری بکات بە هەنگاونان بەرەو ریفۆرمی سیاسی[١١٤]. لەرووی یاساییەوە؛ پەرلەمانی کوردستان سێ یاسای تایبەتی بەبواری رۆژنامەوانیی و میدیا دەرکردووە. داوهەمین یاسایان؛ یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣). هەرچەندە ئەم یاساییە، بەپێوەرە نێودەوڵەتییەکان یاسایەکی باشە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی توێژینەوەکەدا رێنومایی جێبەجێکردنی بۆ دەرنەکردووە. هەرچۆنێک بێت؛ چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە بۆ کاری میدیا، بەڵام گرفتە سەرەکییەکە چۆنێتی کارکردنیانە. میدیای حزبی لەهەرێمی کوردستاندا لەمیدیای سەربەخۆ باڵادەست ترو بەربڵاوترە، بەڵام گرفتە سەرەکیەکە ئەمە نییە، چونکە حزبی سیاسیش مافی ئەوەی هەیە میدیای تایبەت بەخۆی هەبێت و وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی گوزارشت لەخۆی بکات[١١٥]، بەڵکو بوونی میدیای سێبەرە، واتە ئەو میدیایەی کە ئەیەوێت لەژێر ناوی (سەربەخۆیی وبێلایەنیدا) ببێتە خزمەتکارێکی شارەزایی باروودۆخی باڵادەست و لەبەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی دیاریکراودا کار بکات. ئەم جۆرە میدیایە لەهەرێمدا بووەتە مایەی دروستکردنی کەلێنێکی گەورە لەنێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات. میدیای سێبەر کە یەکێکە لەنوێترین مۆدێلەکانی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستانو بەداهاتی گشتیو بژێوی هاوڵاتیان بەڕێوەدەبرێت، بەشێکی زۆری لەئێستادا خراپترین رۆڵ بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، شێواندنی راستییەکان دەگێڕێت[١١٦]. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە میدیا بەگشتی و میدیای سەربەخۆ کە (زۆر دەگمەنە) بەتایبەتی خۆی لەناو قەیرانی سەختی پێشەیی کارکردن و ئامانجەکانیدا دەژیت نەیتوانیوە ببێتە ئەو دەسەڵاتەی کە بتوانێت کاریگەری لەسەر رەوتی هەوڵ و پرۆژەکانی ریفۆرم بێت بەئاقارێکی باشترو دیموکراسی تر.

**حەوتەم: تەشەنەکردنی گەندەڵی**

یەکێک لەکۆسپە گەورەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرم بوونی گەندەڵییەکەی لەرادەبەدەرە لەهەرێمی کوردستان. بەشێوەیەک تەشەنەی سەندووە کەبووتە رێگرێکی گەورە لەبەردەم هەر پرۆژەو هەنگاوێکدا کەبنرێت بەرەو ئەنجامدانی ریفۆرم. هەڵبەتە بوونی گەندەڵی خۆی؛ ریفۆرمی ریشەیی پێویستە. گەر لەم راستیەوە دەست پێبکەین؛ لەسەر ئاستی باڵای دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێم هەمیشە گوتاری رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئامادەیی هەبووە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە گەندەڵی بۆ خۆی دیاردەیەکی کوشندەی ناو هەموو کایەو سێکتەرەکانی حکومەتی هەرێمە.

رێکخراوی شەفافیەتی نێودەڵەتی بەم شێوەیە پێناسەی گەندەڵی کردووە کە بریتییە لە: (قۆستنەوەی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا)[١١٧]. واتە بەکارهێنانی پۆستی گشتیی و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی. رێکخراوی بانکی نێودەوڵەتیش گەندەڵی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە کە بریتیە لە: ( خراپ بەکارهێنانی وەزیفەی گشتی بۆ دەستکەوتی تایبەتی)[١١٨].

دیاردەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا زۆربەی بوارەکانی گرتووەتەوە گەر نەڵێین هەمووی. گرنگترین ئەو بورانەی گەندەڵی تیایاندا ئەنجامدەدرێن بریتین لە[١١٩]:

١- دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەو دامەزراوە سەرکییەکانی داهات و گومرکەکان.

٢- دەستبەسەراگرتنی زەوی کشتوکاڵی و زەوی شارەوانی و گۆڕینی رەگەزی زەوی.

٣- زیادەڕەویی و بەخشینی موڵک و ماڵی گشتی.

٤- قۆرخکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەگشتی لەهەموو بوارەکاندا.

٥- دیاردەی بەرتیل خۆریی و واستەکاریی و خزمخزێنە و نەدانی باج.

٦- دامەزراندنی هەزاران کەس لەکەرتی گشتیی وسەرهەڵدانی دیاردەی فەرمانبەری (بن دیوار).

هەڵبەتە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە بەوردی قسە لەسەر گەندەڵی لەو بوارنەدا بکەین. بۆیە بەکورتی ئەوە دەڵێین کە دیاردەی گەندەڵی بەشێوەیەک زەق و بەرچاوە هیچ کەس ولایەنێک نکۆڵی لێناکات. ئەمەش بووتە بەربەستێکی گەورەی بەردەم پرسی ریفۆرم لەهەرێم. ترسناکی دیاردەی گەندەڵی لەهەرێم ئەوەیە کە لەسەر ئاستی خودی دەسەڵات و دەستەبژێرە سیاسیی و فەرمانڕەواکە تەشەنەیکردووەو، لەوێوەو دابەزیوەتە خوارەوە.

واتە ترسناکی گەندەڵی لەکوردستاندا ئامادەیی دەستەجەمعییانەی خودی گەندەڵییە لەسەر هەموو کایەکانی کۆمەڵگا[١٢٠]. بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کە سەرباری بوونی یاساو بڕیاری پێویست بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، دیاردەکە زیاتر دەبێت وەک لەوەی بەرەو کەمبوونەوە بچێت.

**هەشتەم: جەمسەرگیری سیاسی** (الاستقطاب السیاسي)

جەمسەرگیری سیاسی و حزبی لەهەرێمی کوردستان فاکتەرێکی سەرکی پشت نەبوونی سیستەمێکی سیاسی کاراو سیاسەتێکی نیشتمانی باڵایە. جەمسەرگیری ئایدیۆلۆژی لەناو حزبی سیاسی کوردیداو، دواتریش لەناو پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتیشدا تارادەیەک کەمە. سەرباری ئەوەی حیزبەکان بەگشتی؛ لەناو بەرنامەو پرۆگرامی حزبی خۆیاندا بانگەشەی دەستگرتن بەئایدیۆلۆژیا یاخود هزرێکی سیاسی تایبەتەوە دەکەن، بەڵام لەپراکتیکدا دوورن لەناوەرۆکی بانگەشەکانیانەوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوەیە کەحزبی کوردی نەیتوانیوە لەناو چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان دەربچێت و بتوانێت هەڵگری پەیامێکی مۆدێرن و گۆڕانخواز بێت. بەمانایەکی دیکە، دروستبوونی حیزب نەبووەتە هۆی لاوازبوونی نوخبەی تەقلیدی کوردی، بەپێچەوانەوە ئەم نوخبەیە لەدوای دامەزراندنی حزبەوە لەیەک کاتدا بووەتە خاوەنی سێ شوێنی کۆمەڵایەتی گرنگ[١٢١]: یەکەم: شوێن و جێی لەناو پێکهاتەی خێڵدا، وەک سەرۆک خێڵ. دووەم: شوێن وجێی وەک پیاوی ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی خێڵ، سێیەم: شوێن و جێی لەناو دەزگاکانی حیزبدا، وەک سەرکردە.

هەموو ئەمانەش وایان کردووە حیزب لەئەزموونی سیاسی هەرێمدا لەجیاتی ئەوەی ببێتە داینەمۆی گەشەکردن و گۆڕان و پەراندنەوەی کۆمەڵگا لە بارێکی دواکەوتووەوە بۆ بارێکی پێشکەوتوو؛ تارادەیەکی گەورە بووتە ماڵی خێڵ و، خێڵیش بووەتە ماڵی حیزب[١٢٢]. ئەم جەمسەرگیرییەی حزبی کوردی بۆ بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان بونەتە کۆسپێکی گەورەی بەردەم پرسی ریفۆرم. لەبری ڕاسپاردنی کاروباری دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی بە دامەزاروە فەرمییەکان و سەربەخۆکردن و ئاکتیڤکردنیان؛ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەوکارانە هەڵدەستێت کە لەڕاستیدا ئەرکی ئەو نییە. بۆیە لەئەزموونی سیاسی کوردیدا لەهەرێم زەحمەتە حیزب لەحکومەت، حیزب لەکۆمەڵگا، حیزب و کایەکان لێکتری جیابکرێنەوە[١٢٣]. ئەم ئامادەبوونەوەی حیزب لەهەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگادا وایکردووە جۆرێک لەخۆپەرستی سیاسی دروست بێت. لەئاستی سیاسیدا وەک (ڕێبوار سیوەیلی) دەڵێت: (خۆپەرستی زادەی رزگارنەبوونە لەبیرۆکەی (پێشڕەوایەتی، ڕەسەنێتی، کۆنی و یەکەمی)، ئەو لایەنە سیاسیانەی خۆیان بەیەکەمین، پێشڕەو، یان کۆن و ڕەسەن دەزانن، دەکەونە داوی خۆپەرستییەوەو، خۆپەرستیش دەیانخاتە سەر بیرۆکەی ستەمکاریی و تاکڕەویی سیاسی)[١٢٤]. ئەم خۆپەرستی سیاسییە لەناو حزبی کوردیدا بەرووونی رەنگیداوەتەوەو، لێرەشەوە گوازراوەتەوە بۆ سەرکۆی گشتی سیستەمە سیاسییەکە. لەواقعی فەرمانڕەوایی کردندا لەجیاتی یەک فۆرمی ئیداریی و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەت بوونی هەبێت، دوو ئیدارەی لەکاری حکومەتدا درکی پێدەکرێت، واتە دابەشبوونی هەرێم بەسەر دوو زوونی دەسەڵاتدارێتیداو، هەر زوونێکیش لەلایەن پارتێکی سیاسی دەسەڵاتداری خاوەن هێزەوە ئیدارە دەکرێت. دواجاریش ئەمە کۆسپێکی دیکەی گەورەی لەبەردەم پرسی ریفۆرمدا دروستکردووە.

**نۆیەم: فشاری دەرەکی**

کۆسپێکی دیکەی بەردەم پرسی ریفۆرم لەهەرێمدا رادەی فشارو جۆری پەیوەندییە سیاسی و ئابوریی و سەربازیی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی دراوسێیە، بەتایبەتی هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران. پەیوەندی ئەم دو وڵاتە بەحیزبە کوردییەکانەوە بەتایبەتی هەر یەکە لە(پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١). سەبارەت بەتورکیا؛ پێش ڕاپەڕینەکە ڕێگەی بەم دوو حیزبەدا نوسینگەی خۆیان لەئەنقەرە بکەنەوەو، لەهەمان کاتیشدا پاسپۆرتی دیبلۆماسی بەخشیە هەریەکە لە (مەسعود بارزانی) و (جەلال تاڵەبانی)، ئەمەش بەخاتری دۆزینەوەی هاوپەیمانی نوێی و زیادکردنی هەژموونی خۆی لەعێراق[١٢٥]. لەدوای ڕاپەڕینیش بەدامەزراندنی حکومەتی هەرێم ودامەزراوەکانی ئەو پەیوەندییانە زیاتر گەشەیان کرد. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣) ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەکی فەرمی زیاتر گەشەیان کردو هەموو بوارەکانی گرتەوە. بەڵام لەساڵی (٢٠١١) بەدواوە تورکیا ئاستی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێم زیاتر پەرەپێداو، فۆرمێکی فەرمی زیاتری بەخۆوە بینی. سەردانی دیبلۆماسی نێوان هەردوو لا زیاتر گەشەی کرد. بەجۆرێک (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرۆکی وەزیری ئەو کات بەسەردانێکی فەرمی هاتە هەولێرو، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێری کردەوە. پاشان لەساڵی (٢٠١٤) (ئەحمەد دادود ئۆغلۆ) سەرۆک وەزیرانی تورکیا و، لەساڵی (٢٠١٧) (بن عەلی یەڵدرم) سەرۆک وەزیرانی تورکیا سەردانی هەرێمیان کرد[١٢٦]. هەرچەندە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێم ناو بەناو کرژیی وئاڵۆزیی بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی (٢٠١٧) لەهەرێم، بەڵام هەمیشە تورکیا ویستویەتی لەڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێم بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسی و جیۆستراتیژییەکانی خۆی بپارێزێت[١٢٧]. تورکیا گەلێک رێککەوتنامەی بازرگانی لەگەڵ هەرێم هەیە، بەتایبەتی لەبواری وزەو کۆمپانیاکانی خانوبەرەو پرۆژەکانی ئاوەدانکردووە[١٢٨]. هەموو ئەمانەش داهاتێکی گەورەی بۆ تورکیا دەسەبەرکردووە لەڕووی ئابورییەوە، لەڕووی جیۆستراتیژییەوە تورکیا سودی زۆری لەوە بینیوە هەرێم بکاتە پاشکۆی خۆیی و هەمیشە وەک کارتێکی فشار بۆ سەر پرۆسەی بڕیار دروستکردن لەعێراق و، پارتی کرێکاران بەکاربهێنێت. کێشەی سەرەکی ئەم پەیوەندییانە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان زیاتر وەک بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە تورکییەکان و هەلی کاری کۆمپانیاکانی و، وەک کارتێکی فشار دادەنرێت بۆ تورکیا وەک ئەوەی پەیوەندییەکی دروستی دیبلۆماسی و ئابووری هاوسەنگ بێت لەنێوان هەردوو لادا. دەرئەنجامی ئەمەش؛ تورکیا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەئەنجامدانی هەر هەنگاوێک کەبنرێت بۆ ریفۆرمی سیاسی لەهەرێم. چونکە ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی کاریگەری گەورەی لەسەر ئەم پەیوەندییانە دەبێت و، تورکیا ترسی گەورەی لەوە هەیە ریفۆرم ببێتە مایەی تێکدانی ئەم پەیوەندییانە.

